# سەرچاوەی پەیمانی نوێ

## بەشی یەکەم. سەرچاوەی پەیمانی نوێ (٢٧ کتێب)
أ. ئەو ڕووداوەکانی کە بوونە هۆی نووسینی پەیمانی نوێ
ب. ئینجیل بە پێی نوسینی مەتا، مەرقۆس، لۆقا و یوحەنا (٤٤-٩٨ ز)
ج. کرداری نێردراوانـ(٦١ ز)
د. سیازدە نامەکەی پۆڵس (٥٠-٦٥ ز)
هـ. هەشت نامەی گشتی (٤٣-٩٨ ز)
و. کتێبی ئاشکراکردن (٨١-٩٦ ز)

## بەشی دووەم. گواستنەوە و وەرگێڕانی دەستنووسەکان و لیستی کتێبەکانی پەیمانی نوێ
ز. گواستنەوەی کۆپییەکانی دەستنووسەکانی پەیمانی نوێ
ح. دووبارە دروستکردنەوەی دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ
ط. کانۆن یان لیستی کتێبە ئیلهامدراو و بڕواپێکراوەکانی پەیمانی نوێ

## بەشی یەکەم. سەرچاوەی پەیمانی نوێ (٢٧ کتێب)
## أ. ئەو ڕووداوەکانی کە بوونە هۆی نووسینی پەیمانی نوێ

کتێبەکانی پەیمانی نوێ بەهۆی چوار ڕووداوی گرنگەوە هاتنە بوون:
- هاتنی یەکەمی مەسیح، عیسای مەسیح، بۆ جیهان
- بانگکردنی قوتابییەکانی مەسیح بۆ ئەوەی ببنەقوتابی و شایەتحاڵەکانی
- نەریتی زارەکی "فێرکردنی نێردراوان" (کردار ٢: ٤٢).
- ئەو بارودۆخە تایبەتانەی کە بوونە هۆی نووسینی هەر کتێبێک

### ١. هاتنی مەسیح، عیسای مەسیح، بۆ جیهان
لە یەکەم مرۆڤەکانەوە، ئادەم و حەوا، و لە سەرتاسەری سەردەمی پەیمانی کۆندا پێغەمبەران پێشبینیی هاتنی مەسیح، ڕزگارکەری جیهانیان کرد١. کاتێک هات، کردار و وشەکانی کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر خەڵکی جیهان هەبوو. بەو هۆیەوە هەواڵی عیسای مەسیح بە خێرایی بە جیهاندا بڵاوبووەوە. هەر چوار نووسەری ئینجیل، ئەم ڕووداوەیان وەک گەورەترین ڕووداوی مێژووی مرۆڤایەتی باسکردووە، واتە، خودا سروشتی مرۆڤی لە عیسای مەسیحدا وەرگرت٢.
هەریەک لە ئینجیلنووسەکان (مەرقۆس، لۆقا، مەتا و یۆحەنا) هەڵبژاردەیکیان لە گرنگترین ئە شتانەی کە عیسا وتوویەتی و کردوویەتی ئامادەکرد٣. ئەوان هەڵبژاردنەکەیان بەپێی مەبەستی ئینجیلەکەیان کرد.

### ٢. بانگکردنی قوتابییەکان بۆ ئەوەی ببنە شایەتحاڵەکانی عیسا
ژیان، مردن و هەستانەوەی عیسای مەسیح، هەروەها کردار و فێرکردنەکانی، لە گۆشەیەکی جیهاندا و دوور لە چاوی خەڵکی ڕووی نەدا٥. زۆر شایەتحاڵ هەبوون. ئەوان بە چاوی خۆیان کارەکانی عیسایان بینی و بە گوێی خۆیان فێرکردنەکانیان بیست. ئەوەی بینییان و بیستیان بۆ زۆر کەس لە زۆر شوێنی جیهان گواستیانەوە٦. پێش ئەوەی عیسای مەسیح بەرز بێتەوە بۆ ئاسمان، قوتابییەکانی وەک شایەتحاڵی خۆی لە ئۆرشەلیم، یەهودیا، سامیرە و تا ئەوپەڕی جیهان دیاری کرد٧. جوولەکە، نیوە-جوولەکە و ناجوولەکەکان کە شایەتحاڵی چاو و گوێ بوون، دەیانتوانی پشتڕاستی بکەنەوە کە ئەوەی نێردراوانی عیسای مەسیح ڕایانگەیاند و دواتر لە پەیمانی نوێدا تۆماریان کرد ڕاستی ڕەهایە.
بەڵام هەروەها زۆر دوژمنی مەسیح و مەسیحییەکان هەبوون. ئەگەر نێردراوەکان درۆیان بڵاوکردبایەوە، ئەم دوژمنانە یەکەم کەس دەبوون کە ئەوەیان ئاشکرا دەکرد و نێردراوەکانیان وەک شایەتحاڵی درۆ دەردەخست. یەکێک لە بەهێزترین

بەڵگەکان کە نێردراوەکان ڕاستییان ڕاگەیاند ئەوە بوو کە بانگەشەیان دەربارەی ئەو ڕووداوانە بوو کە دوژمنەکانیان دەیانزانی. ئەوەندە متمانەیان بەوە هەبوو کە خەڵکی زۆر هەبوون دەیانتوانی پشتڕاستی بکەنەوە ئەوەی ڕایاندەگەیاند[٨].

## ٣. گواستنەوەی زارەکی "فێرکردنی نێردراوان. ".

پەیامی ئینجیل سەرەتا لەلایەن نێردراوەکانەوە ڕاگەیەندرا، تەنانەت پێش ئەوەی لە چوار ئینجیلدا تۆماری بکەن[٩]. بە ڕاگەیاندنی هەمان پەیام جار لەدوای جار بۆ خەڵکی و لە شوێنی جیاوازدا، پەیامەکە زیاتر و زیاتر ئەو فۆرمەی وەرگرت کە ئێستا لە ئینجیلدا بە پێی نوسینی مەتا، مەرقوس، لۆقا و یوحەنا هەیەتی.

سێ بەشە سەرەکییەکەی فێرکردنی نێردراوان ئەمانەن:

- پێشەکییەک دەربارەی عیسای مەسیح: سەرچاوەی، لەدایکبوونی و سەرەتای خزمەتکردنی.
- خزمەتکردنی (فێرکردن) بە ئاشکرا بۆ جەماوەر و خزمەتکردنی تایبەتی قوتابییەکانی.
- مردن، هەستانەوە و گەڕانەوەی بۆ ئاسمان.

______________________

١ بڕوانە دەرسی ١٦ www.deltacourse.org
٢ یۆحەنا ١: ١، ١٤ ڕۆما ٩ :٥؛ کۆلۆسی ١: ١٩؛ ٢ :٩؛ عیبرانییەکان ١ :٣؛ ئاشکراکردن ١ :٨
٣ لۆقا ١:١؛ یۆحەنا ٢١ :٢٥؛ کردار ١:١
٤ کردار ٢٦:٢٦
٥ ٢ پەترۆس ١ :١٦-١٨؛ یۆحەنا ١٩ :٣٥؛ لۆقا ١:١-٤؛ ١ کۆرنسۆس ١٥ :٥-٦
٦ ١ یۆحەنا ١:١
٧ کردار ١: ٢،٨
٨ کردار ٢ :٢٢؛ بەراورد بکە بە مەتا ٢٢ :١٥-١٦
٩ کردار ٢ :٢٢؛ کردار ٢ :٤٢

## ٤ . ئیلهام و ڕێنیشاندانی ڕۆحی پیرۆز.

مەسیح بەڵێنی بە قوتابییەکانی دا کە بە تەنیا جێیان ناهێڵێت، بەڵکو ئەو خۆی لە سەر شێوەی ڕۆحی پیرۆز دەگەڕێتەوە بۆ لایان و هەتا هەتایە لەگەڵیان و لەناویاندا دەبێت[١٠]. ڕۆحی پیرۆز هەموو ئەو شتانەی کە ئەو (مەسیح) وتوویەتی و کردوویەتی بیریان دەخاتەوە[١١]، لەبارەی گوناه، ڕزگاری و حوکمدانەوە[١٢] هەموو ئەو شتانەی کە دەبێت بیزانن فێریان دەکات و ڕێنیشانیان دەدات بەرەو هەموو ڕاستی[١٣]. ڕۆحی پیرۆز ئەوەی هی مەسیحە وەردەگرێت و بە قوتابییەکانی ڕادەگەیەنێت. نووسەرانی ئینجیل ئینجیلەکانیان لەژێر ئیلهام و ڕێنیشاندانی ڕاستەوخۆی ڕۆحی پیرۆزدا نووسیوە، کە ڕۆحی مەسیح خۆیەتی[١٤].

قوتابییەکانی مەسیح گروپێکی زۆر تایبەت بوون و ناونران "نێردراوان" (بە واتای: ئەوانەی نێردراون)، چونکە تەنها ئەوان هەڵبژێردراون، بانگکراون، ڕاهێنراون و "نێردراون" لەلایەن مەسیحەوە، لەکاتێکدا کە ئەو هێشتا لەسەر زەوی بووە[١٥]. ئەوان مەرجەکانی نێردراوێکیان لە کردار ١: ٢١-٢٢دا تێدا بوو. "نێردراو" دەبوو شایەتحاڵی عیسای مەسیح بووبێت[١٦]، خودا خزمەتەکەیانی بە بەرووبوومی ڕۆحی[١٧]زۆر و موعجیزە پشتراست دەکردەوە[١٨]. ڕۆحی پیرۆز ئەوانی بەکارهێنا بۆ نووسینی کتێبەکانی پەیمانی نوێ[١٩].

نەریتێک لەناو گەلی خودا، ئیسرائیل، ئەوە بوو کە وشەکانی خودا بە مەرەکەب لەسەر تۆمارەکان تۆمار بکەن و بە باشی بیانپارێزن. بۆ نموونە، "دوای ئەوەی موسا نووسینی وشەکانی شەریعەتی لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە کتێبێکدا تەواو کرد، ... فەرمانی بە لێڤییەکان دا کە بیخەنە تەنیشت سندوقی پەیمانی خودا (لە چادر/پەرستگا) ... بۆ ئەوەی وەک شایەتێک بمێنێتەوە...". نموونەیەکی تر، "ئەم وشەیە لە خوداوە هات بۆ یەرمیا: تۆمارێک وەربگرە و هەموو ئەو وشانەی پێم وتوویت لەسەری بنووسە... لەکاتێکدا یەرمیا هەموو ئەو وشانەی یەزدان پێی وتبوو وەک خۆی نوسییەوە، باروخ لەسەر تۆمارێک دەینووسینەوە... باروخ هەموو وشەکانی یەرمیای لە تۆمارەکەوە بۆ هەموو خەڵکەکە لە پەرستگای خودا خوێندەوە[٢١].

کەواتە، هەر وەکو چۆن هەموو پەیمانی کۆن لەژێر ئیلهامی ڕۆحی مەسیح، ڕۆحی پیرۆزدا نووسراوە[٢٢]، بە هەمان شێوە هەموو پەیمانی نوێ لەژێر ئیلهامی ڕۆحی مەسیح، ڕۆحی پیرۆزدا نووسراوە[٢٣]. هەموو بەشێکی کتێبی پیرۆز لەلایەن خوداوە ئیلهامدراوە[٢٤] و بۆیە بێ هەڵەیە[٢٥] و دەسەڵاتی کۆتاییە بۆ باوەر و ژیان بۆ هەموو خەڵک[٢٦].
کتێبەکانی پەیمانی نوێ لە بنەڕەتدا بە زمانی یۆنانی نووسراون، کە زمانێکی باوی قسەکردن و زمانێکی ئەدەبی بوو لە ئیپراتۆریەتی ڕۆمانیدا لە سەدەی یەکەمی زاییندا.

## ب. ئینجیل بە پێی نوسینی مەتا، مەرقۆس، لۆقا و یوحەنا

مەبەست یان پەیامی هەر ئینجیلێک بەم شێوەیە:

### ١. مەرقۆس

مەرقۆس، کە لە ڕۆما لە ساڵانی ٤٤-٤٦دا نووسراوە، فێرمان دەکات کە عیسای مەسیح پاشای بەهێزە. مەرقۆس قوتابی نێردراو پەترۆس بوو[٢٧] و ئینجیلەکەی سەرەتا بۆ ڕۆمانییەکان نووسی.

### ٢. لۆقا

لۆقا، کە لە ڕۆما لە ماوەی ٦٠-٦١دا نووسراوە، فێرمان دەکات کە عیسای مەسیح کاهینی باڵای بەبەزەییە. لۆقا قوتابی نێردراو پۆڵس بوو[٢٨] و ئینجیلەکەی سەرەتا بۆ ڕۆشنبیرەکانی ڕۆما نووسی[٢٩].

### ٣. مەتا

مەتا، کە پێدەچێت لە ئۆرشەلیم لە ماوەی ٦٣-٦٦دا نووسرابێت (بەراورد بکە لەگەڵ ئاماژەکان بۆ ڕووداوەکان و بارودۆخەکان لە ناو و دەوروبەری ئۆرشەلیم)[٣٠]، فێرمان دەکات کە عیسای مەسیح نێردراوێکی مەزنە. لەبەر ئەوەی مەتا ئینجیلەکەی سەرەتا بۆ جوولەکەکان نووسی، زۆر دەقی لە پەیمانی کۆنەوە وەرگرت.

### ٤. یۆحەنا

یۆحەنا، کە زۆر پێدەچێت لە ئەفەسۆس لە ماوەی ٧٠-٩٨دا نووسرابێت، فێرمان دەکات کە عیسای مەسیح کوڕی خودا و وشەی خودایە[٣١].
نێردراو یۆحەنا یەکەم قوتابی عیسای مەسیح بوو[٣٢] و ئینجیلەکەی لە بنەڕەتدا بۆ ئەو کەسانە نووسی کە پێویستییەکی زۆریان بە ڕاستی هەبوو لە کاتێکدا کە زۆر فێرکردنی درۆ هەبوو.

١٠ یۆحەنا ١٤: ١٦-١٨
١١ یۆحەنا ١٤: ٢٦
١٢ یۆحەنا ١٦ :٨ -١١
١٣ یۆحەنا ١٦: ١٣-١٥
١٤ ڕۆما ٨ :٩-١٠، بەراورد بکە بە ١ پەترۆس ١: ١٠-١٢
١٥ لۆقا ٦: ١٢-١٦؛ کردار ٢٦: ١٦؛ ڕۆما ١:١
١٦ کردار ١: ٢١-٢٢
١٧ ٢ کۆرنسۆس ١٠: ١٨
١٨ ٢ کۆرنسۆس ١٢: ١٢
١٩ ٢ پەترۆس ٣ :٢، ١٥-١٦
٢٠ دواوتار ٣٢: ٢٤-٢٦
٢١ یەرمیا ٣٦:١-٤، ١٠، ١٨، ٢٨
٢٢ ١ پەترۆس ١: ٩-١٢ پەترۆس١: ١٩-٢١
٢٣ یۆحەنا ١٤: ٢٦؛ یۆحەنا ١٦: ١٣-١٥
٢٤ ٢ تیمۆساوس ٣: ١٦
٢٥ تیتۆس ١: ٢
٢٦ ١ کۆرنسۆس ٤: ٦
٢٧ ١ پەترۆس ٥: ١٣

٢٨ کۆلۆسی ٤: ١٤
٢٩ لۆقا ١:١-٤
٣٠ بەراورد بکە بە مەتا ٢٨: ١٥
٣١ یۆحەنا ١:١

## ج. کتێبی کرداری نێردراوان ( زایینی ٦١)

### ١. لۆقا، نووسەری کرداری نێردراوان

لۆقا قوتابی، هاوکار و هاوسەفەری پۆڵسی نێردراو بوو. لۆقا سەرەتا توێژینەوەیەکی وردی لەسەر سەرچاوەکانی له ئۆرشەلیم، قەیسەرییە، ئاسیای بچووک و یۆنان ئەنجام دا سەبارەت بە لەدایکبوون، ژیان، کارەکان و وتەکانی عیسای مەسیح٣٣.

بە تایبەتی توێژینەوەی لەسەر دوو نێردراو پەترۆس و پۆڵس کرد. لۆقا کتێبی **<u>کرداری نێردراوانی</u>** له ساڵی ٦١ له ڕۆما نووسی. کرداری نێردراوان یەکێکە لە دروستترین کتێبە مێژووییەکان لە جیهاندا!

### ٢. لۆقا کرداری نێردراوانی بە سێ مەبەست نووسی:

**- لۆقا دەیویست بەردەوامی خزمەتی عیسای مەسیح لە ڕێگەی نێردراوانیەوە تۆمار بکات.**

مەبەستی ئینجیلی لۆقا تۆمارکردنی سەرەتای خزمەتی عیسای مەسیح بوو. مەبەستی کتێبی کرداری نێردراوان تۆمارکردنی بەردەوامبوونی خزمەتی عیسای مەسیح بوو لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە کە لە نێردراووکانیدا کاری دەکرد٣٤. عیسای مەسیح کڵێسای خۆی لەسەر بنەمای نێردراوان و پێغەمبەرانی پەیمانی نوێ بنیات نا٣٥.

**- لۆقا دەیویست ڕۆشنبیران مەسیح بناسن و باوەری پیبهێنن.**

دەیویست پەیامی عیسای مەسیح بگەیەنێتە خەڵکی خوێندەوار لە ڕۆما. لەو سەردەمەدا باو بوو کە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر کۆببنەوە بۆ گوێگرتن لە خوێندنەوەی کتێبێکی نوێ، بەگشتی لەلایەن خودی نووسەرەکەیەوە، و پاشان گفتوگۆی لەسەر بکەن. بەم شێوەیە لۆقا دەیتوانی پەیامی عیسای مەسیح بگەیەنێتە خەڵکی خوێندەوار.

**- لۆقا دەیویست بەرگری لە مەسیحیەت بکات.**

لۆقا دەیویست شێوازی ژیانی نێردراوان پەترۆس و پۆڵس و مەسیحییەکانی تر بەرامبەر بە حکومەتی ڕۆمانی و یاساکانی ڕوون بکاتەوە. لە سەرتاسەری کتێبی کردارەکاندا ڕەفتاری ڕێزدارانەی مەسیحییەکان بەرامبەر بە حکومەتی ڕۆمانی و یاساکانی بە ڕوونی دەردەکەوێت.

### ٣. کورتەیەک لە مێژووی تۆمارکراو لە کرداری نێردراواندا

- **بەشەکانی ١-٧ی کرداری نێردراوان باسی دامەزراندنی کڵێسا لە ئۆرشەلیم و دەوروبەری دەکات (٣٠-٣٣/ ٣٤).**

ڕووداوەکانی بەشەکانی ١-٧ی کرداری نێردراوان لە ساڵانی ٣٠-٣٣/ ٣٤دا ڕوویان دا. لە ڕێگەی دارژانی ڕۆحی پیرۆزەوە لە ڕۆژی پێنجا لە مانگی ئایاری ساڵی ٣٠دا٣٦، ڕۆحی مەسیحی هەستاوە هات بۆ نیشتەجێبوون لە دڵ و ژیانی هەموو مەسیحییەکاندا بۆ ئەوەی ئازایەتی، هێز، بەردەوامی، خۆشی و تێگەیشتنی ڕۆحییان پێ ببەخشێت.
ڕاگەیاندنی مژدەی ئینجیل بووە هۆی گەڕانەوەی زۆر کەس و دامەزراندنی یەکەمین کۆمەڵەی (کڵێسای) مێژوویی لە ئۆرشەلیم لە ساڵی ٣٠دا. بەڵام گەشەی خێرای ژمارەی مەسیحییەکان٣٦ بووە هۆی چەوساندنەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی جوولەکەوە. لە کۆتاییدا چەوساندنەوەیەکی گەورە دەستی پێکرد بە تایبەتی دژی ئەو جوولەکە یۆنانی زمانانەی کە بووبوون بە مەسیحی٣٨!

- **بەشەکانی ٨-١٢ی کرداری نێردراوان باسی بڵاوبوونەوەی کڵێسا بەرەو باشوور و باکوور دەکات (٣٣/ ٣٤-٤٤).**

ڕووداوەکانی بەشەکانی ٨-١٢ی کرداری نێردراوان لە ماوەی ٣٣ /٣٤-٤٤دا ڕوویان دا. کۆمەڵە مەسیحییە جوولەکەکان لە یەهودیا، جەلیل و سامیرە دامەزران[٣٩]. یەکەمین کۆمەڵەی مەسیحیی نەتەوەکان لە قەیسەرییە لەلایەن پەترۆسەوە لە نزیکەی ساڵی ٤٠دا دامەزرا[٤٠]. لەکاتێکدا نێردراوان لە ئۆرشەلیم مانەوە، جوولەکە یۆنانی زمانەکان، کە ببوون بە باوەڕداران بە عیسای مەسیح، بڵاوەیان پێ کرا بەهۆی چەوساندنەوەی گەورەی جوولەکەکانەوە. ئەوان مژدەی ئینجیلیان ڕاگەیاند لە هەر شوێنێک دەچوون و بەمجۆرە خەڵکی ئەفریقا (ئەسیوپیا) و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون بە مەسیحی. هەتا ساڵی ٤٤ ئەوان کۆمەڵەکەیان لە ئەنتاکیەی سوریا دامەزراندبوو[٤١].

- **بەشەکانی ١٣-٢٠ی کرداری نێردراوان باسی فراوانبوونی کڵێسا بەرەو ڕۆژئاوا (ئاسیای بچووک و ئەوروپا) دەکات (٤٥-٥٧).**

ڕووداوەکانی بەشەکانی ١٣-٢٠ی کرداری نێردراوان لە ماوەی ٤٥-٥٧دا ڕوویان دا. جوولەکەکان لە وڵاتانی زۆردا دەژیان لەو کاتەوەی کە ڕاپێچی ئاشوور (٧٢١ پ.ز.) و ڕاپێچی بابل (٥٨٦ پ.ز.) کران. ئەوان زانیاری پەیمانی کۆنیان لەم وڵاتانەدا بڵاو کردەوە[٤٢]. پۆڵس لەگەڵ بارناباس لە ئەنتاکیە لە نزیکەی ساڵانی ٤٥-٤٦دا خزمەتی کرد. پۆڵس چەندین گەشتی بانگەوازی کرد بۆ بڵاوکردنەوەی مژدەی ئینجیل لە نێو جوولەکەکان لە کەنیشتەکانیاندا (کەنیسە) و بەتایبەتی لە نێو نا-جوولەکەکان (نەتەوەکان). لە ئەنتاکیەی سوریاوە. پۆڵس سێ گەشتی بانگەوازی کرد:

٣٢ یۆحەنا ١ :٣٥-٣٦؛ یۆحەنا ٢١ :٢٠-٢٥
٣٣ لۆقا ١:١-٤
٣٤ کردار ١:١
٣٥ مەتا ١٦ :١٨؛ ئەفەسۆس ٢ :٢٠
٣٦ یۆحەنا ١٤ :١٦-١٨
٣٧ کردار ٢ :٤٢-٤٧
٣٨ کردار ٦ :٩؛ کردار ٧ :٥٧-٨:٣
٣٩ کردار ٩ :٣١
٤٠ کردار ١٠ :٢٨-٢٩ ,٣٤, ٤٧-٤٨؛ کردار ١٥ :٧-٩
٤١ کردار ٨ :١ ,٤ ,٢٧-٢٨؛ کردار ١١ :١٩-٢٦؛ گەلاتیا ١ :٢١
٤٢ کردار ١٥ :٢١

**یەکەمین گەشتی بانگەوازی پۆڵس** لە ساڵانی ٤٧-٤٨دا بوو (کرداری نێردراوان ١٣-١٤). هاوەڵەکانی بارناباس و مەرقۆس بوون. ئەوان سەفەریان کرد بۆ قوبرس، پامفیلیا، گەلاتیای باشوور و کیلیکیا. کۆمەڵەی باوەڕدارانیان (کڵێسا) لە لیسترا، ئیقۆنیۆم و ئەنتاکیە لە ئاسیای بچووکدا دامەزراند[٤٣].

**دووەمین گەشتی بانگەوازی پۆڵس** لە ساڵانی ٥٠-٥٢دا بوو (کرداری نێردراوان ١٥ :٤٠ وە ١٨ :٢٢). هاوەڵەکانی سیلاس و تیمۆساوس بوون. ئەوان لە سوریاوە سەفەریان کرد بۆ کیلیکیا و گەلاتیای باشوور لە ئاسیای بچووک. بە هاوەڵی لۆقا پەڕینەوە بۆ ئەوروپا و کۆمەڵەی باوەڕدارانیان لە مەکدۆنیا (فیلیپی، سالۆنیکی و بیریا) و لە ئەخایا (ئەسینا و کۆرنسۆس) دامەزراند[٤٤].

**سێیەمین گەشتی بانگەوازی پۆڵس** لە ساڵانی ٥٢-٥٧دا بوو (کرداری نێردراوان ١٨ :٢٣ هەتا کرداری نێردراوان ٢١ :١٤). هاوەڵەکانی لە نێو کەسانی تردا تیتۆس و تیمۆساوس بوون. ئەوان لە سەرتاسەری ناوچەی گەلاتیا و فریجیادا خزمەتیان کرد[٤٥].

ئەوان بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ئەفەسۆس کاریان کرد و کۆمەڵەی باوەڕدارانیان لە پارێزگای ئاسیادا دامەزراند (ئەفەسۆس، سمیرنا، پەرگامۆس، سیاتیرا، ساردس، فیلادەلفیا، لاودیکیا و کۆلۆسی)[٤٦]. هەروەها سەفەریان کرد بۆ مەکدۆنیا، سێ مانگ لە یۆنان مانەوە و پاشان لە ڕێگەی مەکدۆنیا و ئاسیای بچووکەوە (ترۆئاس و میلیتۆس) گەڕانەوە[٤٧]. لە گەشتی گەڕانەوەدا لۆقا دیسان لەگەڵ پۆڵس بوو و گەشتەکە بۆ ئۆرشەلیم بە وردی باس دەکات[٤٨].

- **بەشەکانی ٢١-٢٨ی کرداری نێردراوان باسی فراوانبوونی کڵێسا بەرەو ڕۆما، پایتەختی ئیمپراتۆریەت دەکات (٥٧-٦١).**

ڕووداوەکانی بەشەکانی ٢١-٢٨ی کرداری نێردراوان لە ماوەی ٥٧-٦١دا ڕوویان دا. لەم ماوەیەدا پۆڵس زۆربەی کات لە زینداندا بوو. لە ئۆرشەلیم و قەیسەرییە (٥٧-٥٩) و لە ڕۆما (٦٠-٦١) زیندانی کرا.

## د. کورتەیەک لە مێژووی هەرە سەرەتایی مەسیحیەت و ١٣ نامەکەی پۆڵس

### ١. پۆڵسی نێردراو، فەریسییەکی جوولەکە و چەوسێنەری مەسیحییەکان، بوو بە مەسیحی.

پۆڵس جوولەکە بوو، لە تەرسۆس لە ویلایەتی ڕۆمانی کیلیکیا لە دایک بووە. بە شێوەیەکی خۆکار هاوڵاتی بوونی ڕۆمانی وەرگرت. لە لایەن گەمالیێلەوە لە ئۆرشەلیم وەک فەریسییەک پەروەردە کرا و بە گوڕوتینەوە هەوڵی دا بەگوێرەی یاسای جوولەکە (شەریعەتی موسا) بژی. لە زۆر شوێندا مەسیحییەکانی دەچەوساندەوە.[٥٠]

پۆڵس لە نزیکەی ساڵی ٣٤ی زایینیدا باوەڕی هێنا، چوار ساڵ دوای مردن و هەستانەوەی عیسای مەسیح. دەستبەجێ لە دیمەشقەوە چوو بۆ عەرەبستان و دواتر گەڕایەوە دیمەشق. لەوێ مزگێنی ئینجیلی ڕاگەیاند تا هەڵاتنی لە دیمەشق سێ ساڵ دواتر[٥١]. لە نزیکەی ساڵی ٣٦ی زایینیدا پۆڵس بۆ ماوەیەکی کورت لە ئۆرشەلیم خزمەتی کرد و دواتر نێردرا بۆ تەرسۆس لە کیلیکیا[٥٢] کە لەوێ نزیکەی ١٠ ساڵ خزمەتی کرد تا لە ساڵی ٤٥-٤٦ی زایینیدا پەیوەندی بە بەرناباسەوە کرد لە ئەنتاکیا لە سوریا.

چۆنییەتی ڕزگاربوونی پۆڵس لە کردار ٩ :١-٣١، کردار ٢٢: ١-٢١ و کردار ٢٦: ١-٢٩دا کورت کراوەتەوە.

### ٢. یەکەم گەشتی بانگەوازی پۆڵس (ڕاگەیاندنی ئینجیل) لە ساڵی ٤٧-٤٨ی زایینیدا (کردار ١٣ :١ – ١٤ :٢٨).

کڵێسای ئەنتاکیا (لە سووریا) بەرناباس و پۆڵسیان بۆ ڕاگەیاندنی ئینجیل نارد[٥٣]. لە قوبرس، ئەنتاکیای پیسیدیا، ئیکۆنیوم و لیسترا گەشتیان کرد و خزمەتیان کرد. یۆحەنای مەرقۆس لە سەرەتادا هاوڕێیان بوو، بەڵام لە ویلایەتی پەمفیلیا جێی هێشتن[٥٤]. پێدەچێت تیمۆساوس لە لیسترا باوەڕی هێنابێت و دڵ و ژیانی بۆ عیسای مەسیح تەرخان کردبێت. پۆڵس ناوی نا 'ڕۆڵەی ڕۆحیم'[٥٥].کاتێک گەڕانەوە بۆ ئەنتاکیا لە سووریا، کڵێسایان کۆکردەوە و هەموو ئەوەی کە خودا لە ڕێگەیانەوە کردبووی باس کرد و باسی ئەوەیان کرد کە چۆن خودا دەرگای باوەڕی بۆ نەتەوەکان (نا جولەکەکان) کردبووەوە[٥٦].

٣. کۆنفرانسی ئۆرشەلیم لە ساڵی ٤٩ یان ٥٠ی زایینیدا (کردار ١٥ :١-٢٩).

یەهودیگەراکان[٥٧] لە یەهودیاوە هاتن بۆ ئەنتاکیا لە سووریا و دایانگوت هەتاوەکو باوەڕدارانی نەتەوەکان خەتەنە نەکرێن و یاسای موسا نەپارێزن، ناتوانن ڕزگار بن[٥٨]. ناکۆکییەکی توند لە نێوان پۆڵس و بەرناباس لە دژی ئەم یەهودیگەرایانە سەری هەڵدا.

کڵێسای ئەنتاکیا پۆڵس و بەرناباسی لەگەڵ چەند باوەڕدارێک دیاری کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ نێردراوان و پیران لە کڵێسای ئۆرشەلیم کۆببنەوە تا ڕاوێژیان پێ بکەن. ئەم کۆبوونەوەیە ڕێکخراوێکی چەترئاسای نوێنەرایەتی وەک ئەنجومەن یان سینۆد نەبوو، بەڵکو ڕاوێژکارییەک بوو لە نێوان دوو ئەنجومەنی کڵێسای ناوچەیی.

٤٣ کردار ١٤ :٢٣
٤٤ کردار ١٥ :٤١؛ کردار ١:١٦، ١١، ١٢؛ کردار ١٧: ١، ١٠، ١٥؛ کردار ١٨: ١، ١٨-٢٢
٤٥ کردار ١٨ :٢٣
٤٦ کردار ١٩ :٨-١٠؛ کۆلۆسی ٤ :١٦؛ ئاشکراکردن ٢-٣
٤٧ کردار ٢٠ :١-٥، ١٣- ١٦
٤٨ کردار ٢٠ :٥-٦
٤٩ کردار ١:٢١-١٥، ٨
٥٠ کردار ٢٢ :٢-٥، ٢٥-٢٩؛ کردار ٢٦ :٤-١١
٥١ کردار ٩ :١٩-٢٥؛ بەراورد بکە بە گەلاتیا ١ :١٧
٥٢ کردار ٩ :٢٦-٣٠؛ گەلاتیا ١ :١٨-٢٣
٥٣ کردار ١:١٣-٣

٥٤ کردار ١٥ :٣٦-٤٠
٥٥ ١ کۆرینسۆس ٤ :١٧؛ ١ تیمۆساوس ١ :١١؛ ٢ تیمۆساوس ١ :٢
٥٦ کردار ١٤ :٢٧
٥٧ یەهودیگەراکان میسیۆناری جوولەکە بوون کە دڵگەرم بوون بۆ گۆڕینی مەسیحییەکان بۆ بوون بە جوولەکە.
٥٨ کردار ١٥ :١-٢٩

ناوی تیتۆس لە هیچ شوێنێک لە کتێبی کرداردا نەهاتووە، بەڵام لە شوێنەکانی تری پەیمانی نوێدا ١٣ جار دەردەکەوێت. تیتۆس یەکەم جار لە گەلاتیا ٢: ٣،١ ئاماژەی پێکراوە و لە کردار ١٥ :٢دا مەبەستە، کاتێک پۆڵس و بەرناباس لە ئەنتاکیاوە چوون بۆ ئۆرشەلیم بۆ ڕاوێژکاریی کڵێسا. تیتۆس یەکێک بوو لەو باوەڕدارانەی کە هاوڕێیان بوو. پۆڵس ناوی نا کوڕی ڕاستەقینەی خۆی لە باوەڕی هاوبەشیاندا[٥٩]. تیتۆس بوو بە کەیسێکی تاقیکردنەوە و هاندەرێکی دیاریکراو بۆ یەهودیگەراکان. بەگوێرەی گەلاتیا ٢ :٣، تیتۆس یۆنانی بوو. پۆڵس لە ئۆرشەلیم داوای کرد کە ئەو خەتەنە بکرێت. بەڵام پۆڵس بۆ ساتێکیش نەچەمایەوە بۆ داواکارییەکەیان[٦٠].

دوای بیستنی چۆنیەتی مەسیحی بوونی نەتەوەکان لە ڕێگەی نێردراوان پەترۆس و پۆڵسەوە و دوای بیستنی ڕوونکردنەوەی یاقوب سەبارەت بە شایەتیی پێغەمبەران سەبارەت بە نەتەوەکان، کۆبوونەوەکە بە یەکدەنگی ناکۆکییەکەی لە بەرژەوەندیی نەتەوەکان یەکلا کردەوە[٦١]. هەردوو نەتەوەکان و جوولەکە لە سەر بنەمای باوەڕیان بە عیسای مەسیح دەخرانە ناو کڵێسای مەسیحییەوە و کەس ناچار نەدەکرا یاسای جوولەکە بپارێزێت. ئەنجومەنەکە نێردراوان، مامۆستایان، یەهودا و سیلاسی نارد تا بڕیارەکە بگەیەنن بە کڵێساکانی سووریا و کیلیکیا کە بارەدارانی ناجولەکەی زۆریان تێدا بوو[٦٢].

## ٤. دووەم گەشتی بانگەوازی پۆڵس لە لە ساڵی ٥٠-٥٧ی زایینیدا (کردار١٥: ٤٠، ١٨: ٢٢).

باشووری گەلاتیا و ئاسیای بچووک.

تیمۆساوس قوتابی بوو. دایکی جوولەکە بوو و باوەڕدار بوو، بەڵام باوکی یۆنانی بوو[٦٣]. پۆڵس داوای لە تیمۆساوس کرد بچێتە ناو تیمی ڕاگەیاندنی ئینجیلەوە لەگەڵ سیلاس و لۆقا. لە سووریاوە گەشتیان کرد بۆ کیلیکیا و باشووری گەلاتیا لە ئاسیای بچووک[٦٤].

مەسیحییەکانی لیسترا و دەربە بە باشی باسی تیمۆساوسیان دەکرد[٦٥]. لەبەر ئەوەی پۆڵس کاری وتاربێژی خۆی لە کەنیسە جوولەکەکان دەست پێکرد، تیمۆساوسی خەتەنە کرد بۆ ئەوەی بە بێ هۆ جوولەکە (مەزهەبییەکان) یاساییەکان تووڕە نەکات[٦٦]. پێدەچێت لەم کاتەدا بێت، کە پیرانی کڵێساکان، کە لە ماوەی یەکەم گەشتی پۆڵسدا بۆ ڕاگەیاندنی ئینجیل دامەزرابوون[٦٧]، لەگەڵ پۆڵس دەستیان خستە سەر تیمۆساوس بۆ ئەوەی بۆ ئەرکە نوێیەکەی دایبنێن[٦٨].

مەکدۆنیا.

دوای بینێک دەربارەی پیاوێکی مەکدۆنی، تیمەکە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە خودا بانگی کردوون بۆ ڕاگەیاندنی مزگێنی بۆ ئەورووپا! بە هاوڕێیەتی لۆقا تیمی ڕاگەیاندنی ئینجیل بۆ یەکەم جار پەڕینەوە بۆ ئەورووپا بۆ ڕاگەیاندنی مزگێنی و دامەزراندنی کڵێسا لە ئەورووپا: لە مەکدۆنیا: فیلیپی، سالۆنیکی و بیریە و لە ئەخایا: ئەسینا و کۆرینسۆس[٦٩].

پۆڵس و سیلاس لە فیلیپی دادگایی کران و زیندانی کران[٧٠]. دوای ئازادکردنیان، لۆقا لە فیلیپی مایەوە[٧١]، بەڵام سیلاس و تیمۆساوس لەگەڵ پۆڵس مزگێنییان لە سالۆنیکی[٧٢] و لە بیریە[٧٣] ڕاگەیاند. کاتێک پۆڵس سەفەری کرد بۆ ئەسینا، سیلاس و تیمۆساوس لە بیریە مانەوە بۆ ئەوەی یارمەتی کڵێسا تازا دامەزراوەکان بدەن لە گەشەکردندا[٧٤].

ئەخایا و **یەکەم سەردانی پۆڵس بۆ کۆرینسۆس لە نێوان ساڵانی ٥٠-٥٢ی زایینی.**

لە ئەسینا پۆڵس لە کۆبوونەوەیەک لە ئاریۆپاگۆس قسەی کرد[٧٥]. پۆڵس ئەسینای بەجێهێشت و دەستی کرد بە ڕاگەیاندنی پەیامی ئینجیل لە کۆرینسۆس[٧٦]. پۆڵس یەکەمین کەس بوو کە مزگێنی لە کۆرینسۆس ڕاگەیاند و ئەو دامەزرێنەری کڵێسای کۆرینسۆس بوو (٣: ٥، ١٠، ٤: ١٥، ٩: ١-٢). پۆڵس توندییەکی تۆکمەی لەگەڵ ئەم کڵێسایەدا هەبوو. سیلاس و تیمۆساوس لە کارەکەیدا پەیوەندیان پێوە کرد[٧٧]. نزیکەی ١ ساڵ و نیو لە کۆرینسۆس مانەوە[٧٨].

پێش ئەوەی سیلاس و تیمۆساوس بگەنە کۆرینسۆس، پۆڵس (یەکەم) نامەی خۆی نووسی (گەلاتیا) لە ناوەڕاستی ساڵی ٥٠ی زاییندا لە کۆرینسۆسەوە. مەبەستی ئەوە بوو: "بۆ بەرگری کردن لە مزگێنی ڕاستودروستی بە باوەڕ بەبێ کاری کردن بە یاسای موسا".

دوای ئەوەی سیلاس و تیمۆساوس لە سالۆنیکییەوە هاتن بۆ پەیوەندی کردن بە پۆڵسەوە لە کۆرینسۆس[٧٩]، پۆڵس (دووەم) نامەی خۆی (**یەکەم سالۆنیکی**) لە پایزی ساڵی ٥٠ی زایینی لە کۆرینسۆسەوە نووسی. مەبەستی ئەوە بوو: "بۆ هاندان و گەشەی کۆمەڵەی باوەرداران (کڵێسا)".

زوو دوای ئەوە پۆڵس (سێیەم) نامەی خۆی (**دووەم سالۆنیکی**) لە پایزی ساڵی ٥٠ی زایینی لە کۆرینسۆسەوە نووسی. مەبەستی ئەوە بوو: "بۆ ئامۆژگاری کردنی کۆمەڵەی باوەرداران بۆ ئەوەی لە سەر هاتنی دووەمی مەسیح ئارام بن". سیلاس و تیمۆساوس لە هەردوو نامەکەدا ئاماژەیان پێکراوە[٨٠].

٥٩ تیتۆس ١ :٤
٦٠ گەلاتیا ٢ :٥
٦١ کردار ١٥
٦٢ کردار ١٥ :٣٠-٣٩
٦٣ کردار ١٦ :١
٦٤ کردار ١٥ :٤١
٦٥ کردار ١٦ :٢
٦٦ کردار ١٦ :٣
٦٧ کردار ١٤ :٢٣
٦٨ ١ تیمۆساوس ١ :١٨؛ ٤ :١٤؛ ٢ تیمۆساوس ١ :٦
٦٩ کردار ١٦ :٩-١٢ (لۆقا خۆی بە وشەکانی: "ئێمە" دەناسێنێت). ١ کۆرینسۆس ٢ :١-٣؛ ٣ :١-٣
٧٠ کردار ١٦ :١٩-٢٥
٧١ کردار ١٧ :١ (لۆقا چیتر ناوی خۆی ناهێنێت، بەڵکو دەربارەی "ئەوان" دەنووسێت: پۆڵس، سیلاس و تیمۆساوس).
٧٢ ١ سالۆنیکی ١:١
٧٣ کردار ١٧ :١٠، ١٥
٧٤ کردار ١٧ :١٥
٧٥ کردار ١٧ :١٦-٣٤
٧٦ کردار ١٨ :١-١٧
٧٧ کردار ١٨ :٥
٧٨ کردار ١٨ :١١
٧٩ کردار ١٨ :١،٥؛ ١ سالۆنیکی ٣ :٦
٨٠ ١ سالۆنیکی ١:١؛ ٢ سالۆنیکی ١:١

## ئەفەسۆس و ئەپۆلۆس لە کۆرینسۆس.

پۆڵس، پریسکیلا و ئەکیلا بە کەشتی چوون بۆ ئەفەسۆس. پۆڵس پریسکیلا و ئەکیلای بەجێهێشت تا لە ئەفەسۆس خزمەت بکەن. لەوێ ئەپۆلۆسیان ڕاهێنا بۆ ئەوەی ڕێگاکە (باوەر بە مەسیح) بە وردتر ڕابگەیەنێت[٨١].

لە کاتی نەبوونی پۆڵسدا، ئەپۆلۆس گەشتی کرد بۆ ئەخایا و هات بۆ ڕاگەیاندنی مزگێنی لە کۆرینسۆس. بە توندی لە گفتوگۆی گشتیدا باوەری جوولەکەکانی ڕەتکردەوە، لە نووسراوە پیرۆزەکانەوە (پەیمانی کۆن) سەلماندی کە عیسا مەسیحە[٨٢]. ئەو هەمان مزگێنی ڕاگەیاند، بەڵام بە شێوازێکی تر ئەنجامی دا، کە بێگومان پەیوەندی بە خوێندنیەوە هەبوو لە ئەسکەندەرییە لە میسر، کە لەوێ فەلسەفەی یۆنانی و ڕیتۆریک گەشەی سەندبوو. هەندێک کۆرینسۆسی شێوازی ڕەوانبێژی و فەلسەفیی فێرکردنیان زیاتر بە دڵ بوو لە وتاربێژییە سادە و ناڕازاوەکەی پۆڵس[٨٣]. ئەمەش بووە هۆی گرژی و دروستبوونی نارەزایی لەناو کڵێسای کۆرینسۆسدا[٨٤].

## پۆڵس گەڕایەوە بۆ ئەنتاکیا لە سووریا.

دواتر پۆڵس بە کەشتی چوو بۆ قەیسەرییە و بەردەوام بوو لە گەشتەکەی بۆ ئەنتاکیا لە سووریا[٨٥].

## ٥. سێیەم گەشتی بانگەوازی پۆڵس لە ساڵی ٥٢-٥٧ی زایینیدا (کردار ١٨ ٢٣ تا کردار ٢١ :١٤).

گەلاتیا و فریجیا.
پۆڵس، تیمۆساوس و تیتۆس لە سەرانسەری ناوچەی ویلایەتەکانی گەلاتیا و فریجیا (لە ئاسیای بچووک)دا خزمەتیان کرد[٨٦]. دواتر پۆڵس ڕێگای ناوخۆی گرتە بەر بۆ ئەفەسۆس.

ئەفەسۆس و **دووەم سەردانی پۆڵس بۆ کۆرینسۆس لە ساڵی ٥٥ی زایینی.**
پۆڵس لە ئەفەسۆس لە ویلایەتی ئاسیادا سێ ساڵ خزمەتی کرد[٨٧] (ساڵی ٥٢-٥٥ی زایینی).

لە کاتی نەبوونی لە کۆرینسۆس، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکی زۆر لە نێوان پۆڵس و کۆرینسۆسییەکان هەبوو. ئەمە ئاسان بوو، چونکە هەردوو ئەفەسۆس و کۆرینسۆس لەسەر ڕێگای بازرگانیی سەرەکی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوون. گەشتەکە لە ئەفەسۆسەوە بۆ کۆرینسۆس بە دەریادا نزیکەی سێ هەفتەی خایاند. کاتێک لە ئەفەسۆس بوو، پۆڵس هەواڵی نارەحەتکەری دەربارەی دۆخی کڵێسای کۆرینسۆس وەرگرت. پێدەچوو کێشەی ئەخلاقی جیددی هەبووبێت.

لە ماوەی دوا ساڵی لە ئەفەسۆس، لە ساڵی ٥٥ی زایینی، پێدەچێت پۆڵس سەردانێکی کورتی دووەمی بۆ کۆرینسۆس کردبێت، کە زۆر کەم زانیاریمان لەبارەیەوە هەیە. لەوانەیە لە دەریاوە لە ئەفەسۆسەوە بۆ کۆرینسۆس و دواتر گەڕابێتەوە. ئەو وەک "سەردانێکی ئازاربەخش" وەسفی کرد[٨٨]. خەمی زۆری بۆ هێنا. لە ٢ کۆرینسۆس ٨ :١٠دا، پۆڵس باسی "ساڵی ڕابردوو" دەکات، لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ ئەم سەردانە دووەمەی بۆ کۆرینسۆس، کاتێک سەرەتایەکی بۆ کۆکردنەوە هاوکاری بۆ مەسیحییە هەژارەکانی ئۆرشەلیم دانا. لە ماوەی ئەم سەردانە دووەمەدا پۆڵس ئاگاداری کردنەوە کە ئەو لەوانە نابورێت کە گوناهیان کردووە[٨٩].

پۆڵس هەروەها **نامەی یەکەمی بۆ کۆرنسۆسییەکان نووسی** کە ئەگەری هەیە لە ئەفەسۆسەوە بووبێت (نزیکەی ساڵی ٥٥ی زایینی). ئەو ئامۆژگاری کۆرنسۆسییەکانی کرد کە پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی بەد ڕەوشت (سێکسی) کە خۆیان بە 'برا' ناوزەد دەکەن نەبێت. ئەم نامەیە نەبووە بەشێک لە پەیمانی نوێ[٩٠].

لەوانەیە لە کاتی سەردانی دووەمی پۆڵ یان لەو نامەیەدا، پۆڵس پلانی سەرەتایی خۆی بۆ سەردانی دووەمی کۆرنسۆس ئاشکرا کردبێت، کە لە ڕێگای مەکەدۆنیا و لە گەڕانەوەی لە مەکەدۆنیاوە سەردانیان بکات[٩١]. کۆرنسۆسییەکان وەڵامیان دایەوە و داوای ڕاوێژیان کرد لەسەر چەند بابەتێک، لەوانە کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ مەسیحییە هەژارەکانی ئۆرشەلیم[٩٢]. پرسیارەکانی کۆرنسۆسییەکان لەگەڵ هەواڵی گرنگی تر کە پۆڵس لە سۆستینس[٩٣]، ماڵی خلۆیی و لە ستیفاناس، فۆرتۆناتۆس و ئەخایکۆسەوە[٩٤] سەبارەت بە دۆخی کاروباری کۆرنسۆس وەریگرتبوو، وای لە پۆڵس کرد سێ کار بکات:

- یەکەم. پۆڵس **نامەی دووەمی بۆ کۆرنسۆسییەکان** نووسی، نامەی (٤)ی: **کۆرنسۆسی یەکەم** لە بەهاری ساڵی ٥٦ی زایینی لە ئەفەسۆسەوە. مەبەستی بوو: "فێرکردنی ئەوەی کە کڵێسای مەسیح لەم جیهانەدایە، بەڵام سەر بە جیهان نییە".

- دووەم. تیمۆساوسی لە ئەفەسۆسەوە لە ڕێگەی مەکەدۆنیاوە نارد بۆ کۆرنسۆس. چاوەڕوانی دەکرد تیمۆساوس بگاتە کۆرنسۆس دوای ئەوەی یەکەمین نامەی بۆ کۆرنسۆسییەکان دەگات ئەوێ[٩٥]. پۆڵس تیمۆساوس بە هاوکاری دڵسۆزی خۆی ناودەبات و دەڵێت کە تیمۆساوس یادی شێوازی ژیانی پۆڵسیان لە مەسیحی عیسادا بیر دەخاتەوە کە لەگەڵ فێرکردنەکانی لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کڵێساکاندا وە ئەوەی کە تیمۆساوس کاری خوداوەند بەڕێوە دەبات هەر وەک خۆیشی دەیکات[٩٦]. تیمۆساوس ڕاسپێردرا بە ئەرکی دژواری چارەسەرکردنی کێشەکانی کڵێسای کۆرنسۆس، وەک ململانێی ناوخۆیی، داوێن پیسی، کەیسی یاسایی دژی یەکتر، ئاژاوە لە کۆبوونەوەکانی پەرستندا، و هتد.

٨١ کردار ١٨ :١٩-٢٨

٨٢ کردار ١٨ :٢٧ – ١٩ :١
٨٣کردار ١٨ :٢٤-٢٨؛ یەکەمی کۆرنسۆس ٢ :١-١٦
٨٤ ١ کۆرنسۆس ١-٣
٨٥کردار ١٨:١٨-٢٢
٨٦ کردار ١٨ :٢٣
٨٧ کردار ١٩ :٨-١٠، ٢٦
٨٨ ٢ کۆرنتیۆس ٢ :١
٨٩ ٢ کۆرنتیۆس ١٣ :٢
٩٠یەکەمی کۆرنسۆس ٥ :٩
٩١ ٢ کۆرنسۆس ١ :١٥-١٦
٩٢ یەکەمی کۆرنسۆس ١٦ :١؛ دووەمی کۆرنسۆس ٨ :١٠؛ ٩ :٢
٩٣ کردار ١٨ :١٧؛ یەکەمی کۆرنسۆس ١:١
٩٤یەکەمی کۆرنسۆس ١ :١٠-١٩؛ ٧ :١؛ ١٦ :١٧،١٢
٩٥ یەکەمی کۆرنسۆس ١٦ :١٠-١١
٩٦کردار ١٩ :٢٢؛ یەکەمی کۆرنسۆس ٤ :١٧؛ ١٦ :١٠

- سێیەم. بە مەسیحییەکانی کۆرنسۆسی گوت کە بە زوویی سەردانیان دەکات و پەیوەندی بەوانەوە هەیە کە ئایا بە 'قامچی' بۆ ئەدەبکردنیان بچێت یان 'بە خۆشەویستی و بە گیانێکی نەرم'[٩٧]. پۆڵس پێداچوونەوەی بۆ پلانەکانی گەشتەکەی کرد. پلانی دانابوو سەردانی کۆرنسۆس بکات پێش گەشتەکەی بەرەو مەکەدۆنیا و دووبارە لە گەڕانەوەی لە مەکەدۆنیا[٩٨] و ئینجا زستان لە کۆرنسۆس بمێنێتەوە[٩٩]. ئێستا چیتر دووجار سەردانیان ناکات، بەڵکو سەردانێکی درێژتریان دەکات دوای ئەوەی سەردانی مەکەدۆنیای کردووە. مەبەست لەم گۆڕانکارییەی پلان بۆ ئەوە بوو کە مەسیحییەکانی کۆرنسۆس بپارێزێت[١٠٠] و کاتیان پێ بدات تاوەکو ماڵیان ڕێک بخەن بۆ ئامادەکردن بۆ سەردانەکەی، چونکە ئەو بە تەواوی ئامادە بوو توندترین تەمێکردن بەکار بهێنێت، ئەگەر پێویست بێت[١٠١].

هەروەها <u>**نامەی سێیەمی بۆ کۆرنسۆسییەکان**</u> نووسی، نامەیەک کە ئازاری دان[١٠٢]، نامەیەک کە نەبووە بەشێک لە پەیمانی نوێ (نزیکەی هاوینی ساڵی ٥٦ی زایینی). بە ناڕەحەتییەکی زۆرەوە و بە خەم و ئازارەوە و بە فرمێسکی زۆرەوە بۆی نووسین[١٠٣].

ئینجا پۆڵس تیتۆسی نارد بۆ کۆرنسۆس (سەردانی یەکەمی تیتۆس بۆ کۆرنسۆس) بە ئەرکی چارەسەرکردنی ئەو کاریگەرییە نەرێنییانەی کە لەم سەردانە ناخۆشە و نامەکەدا کە ئازاری دان هاتە پێشەوە.

لە کۆرنسۆسی دووەم ٨ :١٠، پۆڵس باسی 'ساڵی ڕابردوو' دەکات، لەوانەیە ئاماژە بۆ سەردانی دووەمی بۆ کۆرنسۆس بێت، کاتێک دەستی کرد بە کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ مەسیحییە هەژارەکانی ئۆرشەلیم یان کاتێک تیتۆس دەستی کرد بە کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ مەسیحییە هەژارەکانی ئۆرشەلیم[١٠٤].

<u>ترۆاس و مەکەدۆنیا.</u>
دوای شڵەژانی گەورەی زیوگەرەکان لە ئەفەسۆس[١٠٥] پۆڵس ئەفەسۆسی بەجێ هێشت و سەفەری کرد بۆ مەکەدۆنیا. چاوەڕوانی دەکرد تیتۆس لە ترۆاس ببینێت، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوی لە مەکەدۆنیا دۆزییەوە[١٠٦]. تیتۆس لە مەکەدۆنیا پۆڵسی بینی و ڕاپۆرتی دۆخی کۆرنسۆسی پێدا. ڕۆحی بە کۆرنسۆسییەکان تازە بووەوە، کۆرنسۆسییەکان گوێڕایەڵ بوون و بە ترس و لەرزەوە شێوازییان لێ کردبوو[١٠٧]. کۆرنسۆسییەکان کۆکردنەوەی یارمەتییان بۆ مەسیحییە هەژارەکانی یەهودیا بەردەوام کردبوو. هەروەها ڕاپۆرتیشی دا کە هەندێک خەڵک لە کۆرنسۆس هێرشیان کردە سەر نێردراوێتی پۆڵس[١٠٨].

زۆر دڵخۆش بە سەرکەوتنی تیتۆس، <u>**پۆڵس نامەی چوارەمی بۆ کۆرنسۆسییەکان**</u> نووسی، نامەی (٥)ی: **کۆرنسۆسی دووەم** لە پایزی ساڵی ٥٦ی زایینی لە مەکەدۆنیاوە (فیلیپی؟). مەبەستی بوو: "شایەتی ئەوە بدات کە هێزی خودا لە ڕێگەی لاوازی مرۆڤەوە دەردەکەوێت". پۆڵس پلانی دانا سەردانی کۆرنسۆس بکات، بەڵام دەترسا

کۆرنسۆسییەکان نەیبینن وەک ئەوەی ئەوان دەیانەوێت ببێت و کە ئەو ئەوان نەبینێت وەک ئەوەی کە ئەو دەیویست ١٠٩.
هەروەها وەک لە کاتی سەردانی دووەمیدا ئاگاداری کردنەوە، کە ئەو ئەوانەی لە پێشتردا گوناهیان کردووە نابوورێت١١٠.

پۆڵس داوای لە تیتۆس کرد بچێت بۆ کۆرنسۆس و نامەکەی لەگەڵ تیتۆس نارد (سەردانی دووەمی تیتۆس بۆ کۆرنسۆس)، چونکە تیتۆس هەمان نیگەرانی بۆ کۆرنسۆسییەکان هەبوو وەک پۆڵس و بە هەمان گیان کاری دەکرد و هەمان ڕێگای دەگرتەبەر١١١. لەگەڵ دوو برای تردا بوو، یەکێکیان وتاربێژێکی بەناوبانگ بوو. ئەو ڕاسپێردرا کە کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ مەسیحییەکانی ئۆرشەلیم کۆبکاتەوە١١٢. تیتۆس کۆرنسۆسییەکانی بەکارنەهێنا (وەک نێردراوە درۆزنەکان کردیان)١١٣. دڵی بۆ کۆرنسۆسییەکان لێیدەدا، چارەسەرکاری کێشە، ئاشتیکەرەوە، بەڕێوەبەر و نێردراوێکی دڵسۆز بوو.

هەروەها تیمۆساوس پۆڵی لە مەکەدۆنیا بینی١١٤. پۆڵس لە ناوچەکەدا گەشتی کرد، وشەی زۆری هاندانی بۆ خەڵکی دەگوت١١٥.

**سەردانی سێیەمی پۆڵ بۆ کۆرنسۆس لە زستانی ساڵی ٥٦ی زایینی تا بەهاری ساڵی ٥٧ی زایینی.**
پۆڵس و تیمۆساوس لە کۆتاییدا گەیشتنە یۆنان کە سێ مانگ لەوێ مانەوە، بەتایبەتی لە کۆرنسۆس١١٦ لە زستانی ساڵی ٥٦ی زایینی تا بەهاری ساڵی ٥٧ی زایینی. ئەمە سەردانی سێیەمی پۆڵس بوو بۆ کۆرنسۆس١١٧.

پۆڵس نامەی (٦)ی نووسی: **ڕۆما** لە بەهاری ساڵی ٥٧ی زایینی لە کۆرنسۆسەوە. مەبەستی بوو: "فێرکردنی ئەوەی کە ڕاست و دروستی تەنها لە ڕێگەی بەزەیی خودا و لە ڕێگەی باوەڕەوە"بە دەست دێت.

٩٧ یەکەمی کۆرنسۆس ٤ :١٨-٢١؛ ١١ :٣٤؛ ١٦ :٢-٩
٩٨دووەمی کۆرنسۆس ١ :١٥-١٦
٩٩ یەکەمی کۆرنسۆس ١٦ :٥-٦
١٠٠دووەمی کۆرنسۆس ١ :٢٣
١٠١ دووەمی کۆرنسۆس ١٣ :٢
١٠٢دووەمی کۆرنسۆس ٧ :٥-٨
١٠٣ دووەمی کۆرنسۆس ٢ :٤
١٠٤ دووەمی کۆرنسۆس ٨ :٦؛ ١٢ :١٧-١٨
١٠٥ کرداری نیردراوان ٢٠ :١
١٠٦دووەمی کۆرنسۆس ٢ :١٢-١٣؛ ٧ :٦-١٤
١٠٧دووەمی کۆرنسۆس ٢ :١٣؛ ٧ :١٣-١٦
١٠٨ دووەمی کۆرنسۆس ١١ :١-١٥
١٠٩ دووەمی کۆرنسۆس ١٢ :١٩-٢١
١١٠ دووەمی کۆرنسۆس ١٣ :٢
١١١دووەمی کۆرنسۆس ٨ :١٦؛ ١٢ :١٧-١٨
١١٢ دووەمی کۆرنسۆس ٨ :١٦-٢٤
١١٣دووەمی کۆرنسۆس ١٢ :١٧-١٨
١١٤ کرداری نیردراوان ٢٠ :١-٤
١١٥ کرداری نیردراوان ٢٠ :٢
١١٦کرداری نیردراوان ٢٠ :٢-٣
١١٧دووەمی کۆرنسۆس ١٣ :١

لە مەکەدۆنیاوە لە ڕێگەی ئاسیا بۆ ئۆرشەلیم
بەهۆی پیلانێکی جوولەکەکان دژی پۆڵس، پۆڵ کۆرنسۆسی بەجێ هێشت و لە ڕێگەی مەکەدۆنیاوە گەڕایەوە بۆ سوریا. لۆقا لە فیلیپی پەیوەندی بە پۆڵەوە کرد١١٨. هاوکارانی تری پۆڵس لە ترۆاس چاوەڕێیان دەکردن١١٩.

دوای جەژنی فەتیرە لە ساڵی ٥٧ی زایینی١٢٠ پۆڵ بە کەشتی لە نزیک ئەفەسۆسەوە ڕۆیشت بۆ ئەوەی کات لە پارێزگای ئاسیا بەسەر نەبات چونکە ئەو (و هاوکارەکانی) دەیانویست بگەنە ئۆرشەلیم لە کاتی پەنتیکاستدا١٢١.

### ٦. زیندانی کردنی پۆڵس لە قەیسەرییە لە ساڵی ٥٧ی زایینی تا ساڵی ٥٩ی زایینی (کردار ٢١:١٧ – ٢٦:٣٢).

پۆڵس و هاوکارەکانی یاقوب و پیرانی کڵێسایان لە ئۆرشەلیم بینی و ئەوەیان بۆ یەکتری باسکرد کە خودا لە نێوان نەتەوەکان و جوولەکەکاندا چی کردبوو١٢٢.

هەندێک جوولەکە (یەهودیگەرەکان) لە پارێزگای ئاسیا ڕاپەڕینێکیان دژی پۆڵس و هاوکارەکانی هاندا. دەیانویست پۆڵس بکوژن. پۆڵس دەربارەی بانگەوازەکەی قسەی بۆ خەڵکەکە کرد. سەربازانی ڕۆمانی دەستگیریان کرد و ڕزگاریان کرد١٢٣.

پۆڵس لەبەردەم سەنهەدرینی جوولەکە دادگایی کرا و حوکم درا کە لەلایەن ئیمپراتۆری نەتەوەکانەوە لە ڕۆما دادگایی بکرێت١٢٤. پیلانێک بۆ کوشتنی پۆڵس کە سەرکەوتوو نەبوو١٢٥.

پۆڵس لە ئۆرشەلیمەوە گوێزرایەوە بۆ قەیسەرییە، لەبەردەم فەرمانڕەوای ڕۆمانی فێلیکس دادگایی کرا و دوو ساڵی١٢٦ لە زینداندا بەسەر برد. ئینجا لەبەردەم فەرمانڕەوای ڕۆمانی فێستۆس و پاشای جوولەکە ئەگریپاس دادگایی کرا کە ئەو شایەتی ڕزگاربوونی خۆی لەگەڵ باسکردن١٢٧.

### ٧. یەکەم زیندانیبوونی پۆڵس لە ڕۆما لە ساڵانی ٦٠-٦١ی زایینی (کردار ٢٧ :١ ، ٢٨ :٣١).

پۆڵسی زیندانی بە هاوڕێیەتی لۆقا و ئەریستارخۆسی خەڵکی سالۆنیکی بە کەشتی گەیەندرانە ڕۆما. دوای تێکشکانی کەشتییەکە لە ماڵتا، پۆڵس لە ڕۆما لە ژێر چاودێریدا دانرا و سەربازێک پاسەوانی دەکرد. "پۆڵس بۆ ماوەی دوو ساڵی تەواو لەوێ لە خانوویەکی کرێدا مایەوە و پێشوازیی لە هەموو ئەوانە دەکرد کە دەهاتن بۆ بینینی. بە ئازایەتییەوە و بەبێ ڕێگریکردن مزگێنیی پاشایەتی خودای ڕادەگەیاندو فێرکردنی دەربارەی عیسای مەسیحی پەروەردگار دەکرد“١٢٨.

پۆڵس لە ماوەی یەکەم زیندانیبوونیدا لە ڕۆما چوار نامەی نووسی. ئیپافراس هاوزیندانی بوو١٢٩.

ئەو <u>نامەی (حەوتەم)ی خۆی نووسی:</u> **<u>کۆلۆسی</u>** لە ساڵی ٦٠ی زایینی بۆ کۆلۆسییەکان. مەبەستی ئەمە بوو: "فێرکردنی ئەوەی کە عیسای مەسیح باالدەستە لە جیهاندا و کاری ڕزگاریی ئەو تەواو و بەسە".

ئەو <u>نامەی (هەشتەم)ی خۆی نووسی:</u> **<u>فلیمۆن</u>** لە ساڵی ٦٠ی زایینی بۆ هاوکار و هاوڕێی خۆی فلیمۆن "بۆ ئەوەی فلیمۆن هانبدات پێشوازی لە ئۆنیسیمۆسی کۆیلەی هەڵاتووی بکات".

ئەو <u>نامەی (نۆیەم)ی گشتی خۆی نووسی:</u> **<u>ئەفەسۆس</u>** لە ساڵی ٦٠ی زایینی بۆ باوەڕدارانی ئەفەسۆس و شارەکانی دەوروبەری لە ئاسیای بچووک. مەبەستی ئەمە بوو: "فێرکردنی مەسیحییەکان دەربارەی یەکێتی جەستەی مەسیح (کڵێسای مەسیحی) لە سەرانسەری جیهاندا".

سەرەنجام ئەو <u>نامەی (دەیەم)ی خۆی نووسی:</u> **<u>فیلیپی</u>** لە کۆتاییەکانی ساڵی ٦١ی زایینی بۆ فیلیپییەکان. مەبەستی ئەمە بوو: "دڵ و ژیانی خۆی بۆ فیلیپییەکان بکاتەوە".

تیمۆساوس لە هەموو ئەم ماوەیەدا لە پەیوەندی نزیکدا بوو لەگەڵ پۆڵس١٣٠ لە زیندانەوە، پۆڵس نووسی کە هیوادارە بەم زووانە ئازاد بکرێت و تیمۆساوس بنێرێت بۆ فیلیپی١٣١.

### ٨ . گەشتی بانگەوازی پۆڵس لە نێوان دوو زیندانیبوونەکەی لە ڕۆما لە ساڵانی ٦١-٦٤\٦٥ زایینیدا.

دوای ئازادبوونی پۆڵس لە یەکەم زیندانیبوونی لە ڕۆما، پۆڵس زۆر گەشتی کرد. ئەو تیمۆساوسی نارد بۆ فیلیپی١٣٢، لە کاتێکدا خۆی لە ڕێگەی کریتەوە بەرەو ئاسیای بچووک گەشتی کرد. ئەو تیتۆسی لە دوورگەی کریت بەجێهێشت بۆ ئەوەی کڵێسا یان کڵێساکان ڕێکبخات کە لەوێ دامەزرابوون١٣٣ و گەشتی کرد بۆ کۆلۆسی کە لەوێ سەردانی فلیمۆنی کرد١٣٤.

پاشان گەشتی کرد بۆ ئەفەسۆس کە لەوێ دووبارە تیمۆساوسی بینی و هانی دا بەردەوام بێت لە کارکردن لە ئەفەسۆس١٣٥. پۆڵس گەشتی کرد بۆ فیلیپی لە مەکدۆنیا هەروەک پێشتر پلانی بۆ دانابوو١٣٦. ئەو هیوادار بوو بە زوویی بگەڕێتەوە بۆ ئەفەسۆس، بەڵام زیاتر چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە غیابەکەی لەوانەیە درێژ بکرێتەوە١٣٧.

١١٨ کردار ٢٠: ٦
١١٩ کردار ٢٠: ٥
١٢٠ کردار ٢٠: ٥
١٢١ کردار ٢٠: ١٦
١٢٢ کردار ٢١: ١٧-٢٩
١٢٣ کردار ٢١: ٢٧ - ٢٢: ٢٩
١٢٤ کردار ٢٢: ٣٠ - ٢٣: ١١
١٢٥ کردار ٢٣: ١٢-٢٢
١٢٦ کردار ٢٤: ٢٧
١٢٧ کردار ٢٥: ١ - ٢٦: ٣٢
١٢٨ کردار ٢٨: ٣٠-٣١
١٢٩ فیلیمۆن ٢٣
١٣٠ کۆلۆسی ١: ١؛ فیلیمۆن ١: ١؛ فیلیپی ١: ١
١٣١ فیلیپی ٢: ٢٤، ١٩
١٣٢ فیلیپی ٢: ١٩-٢٣
١٣٣ تیتۆس ١: ٥، بەراورد بکە لەگەڵ کردار ٢: ١١
١٣٤ فیلیمۆن ٢٢
١٣٥ تیمۆساوسی یەکەم ١: ٣
١٣٦ فیلیپی ٢: ٢٤، تیمۆساوسی یەکەم ١: ٣
١٣٧ تیمۆساوسی یەکەم ٣: ١٤-١٥

پۆڵس نامەی (یازدەیەم)ی خۆی نووسی: **یەکەم تیمۆساوس** بۆ هاوکارەکەی تیمۆساوس لە ماوەی ساڵانی ٦٢-٦٣ی زایینی لە مەکدۆنیاوە (فیلیپی؟)١٣٨. مەبەستی ئەمە بوو: "ڕێنمایی تیمۆساوس دەربارەی ڕابەرایەتی و ڕێکخستنی کۆمەڵەی باوەڕداران/کڵێساکان". ئەو هانی تیمۆساوسی دا کە لە ئەفەسۆس بمێنێتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مامۆستا درۆزنەکان و ڕاگەیاندنی بیروباوەڕی دروست.

ئەو نامەی (دوازدەیەم)ی خۆی نووسی: **تیتۆس** بۆ هاوکارەکەی تیتۆس لە ماوەی ساڵانی ٦٢-٦٣ی زایینی لە مەکدۆنیاوە (فیلیپی؟). مەبەستی "پێدانی ڕێنمایی بە هاوکارەکەی، تیتۆس، بۆ ڕاگەیاندنی بیروباوەڕی دروست و پیرۆزی لە پەیوەندییەکانی تاکەکەسی، خێزانی، کڵێسایی و کۆمەڵایەتی" لە کریت بوو. ئەو داوای لە تیتۆس کرد چاوی پێی بکەوێت لە نیکۆپۆلیس لە هەرێمی ئیپیرس، هەرێمێک لە باکووری ڕۆژئاوای مەکدۆنیا١٣٩.

پاشان پۆڵس گەشتی کرد بۆ نیکۆپۆلیس و زستان (ساڵی ٦٣ی زایینی؟) لەوێ بەسەر برد. هەرچەندە باس نەکراوە، بەڵام لەوانەیە تیتۆس لەگەڵ پۆڵس گەشتی کردبێت بۆ ئیسپانیا ١٤٠. وردەکارییەکان نەزانراون. ئێمە نازانین ئایا ئەو تیتۆسی لەگەڵ خۆی برد یان نا. دوای ئەوەی لە ئیسپانیاوە گەڕایەوە، جارێکی تر گەشتی کرد بۆ ئاسیای بچووک.
ئەو ترۆفیمۆسی بە نەخۆشی بەجێهێشت لە میلیتۆس، ڕاستەوخۆ لە باشووری ئەفەسۆس١٤١. لەوانەیە لەم کاتەدا چاوی بە تیمۆساوس کەوتبێت و ئەوان فرمێسکێکی زۆریان ڕشتبێت١٤٢. ئەو چاوی بە کارپۆس کەوت لە ترۆاس کە لەوێ پاڵتۆکەی و پێستە بەنرخەکانی بەجێهێشت١٤٣. ئەو ئیراستۆسی لە کۆرینسۆس بەجێهێشت١٤٤.

نەزانراوە کەی یان لە کوێ پۆڵس دەستگیر کرا. دەستگیرکردنەکەی لەوانەیە لە ترۆاس، کۆرینسۆس یان ڕۆما ڕوویدابێت. ئەو جارێکی تر لە ڕۆما زیندانی کرا. لە کاتی دووەم زیندانیبوونی لە ڕۆما تەنها لۆقا لەگەڵی بوو١٤٥.

لەم کاتەدا، ئیمپراتۆری دڵڕەقی ڕۆما، کە ناوی نیرۆ بوو، فەرمانڕەوایی دەکرد. نیرۆ برا ناتەنییەکەی، دایکی، هاوسەرەکەی، مامۆستاکەی و چەندین کەسی تری کوشتبوو. لە ١٩-٢٤ی تەمموزی ساڵی ٦٤ی زایینی نیرۆ لەوانەیە ئاگری لە ڕۆما

بەردابێت و بە درۆ تۆمەتی دابێتە پاڵ مەسیحییەکان کە ئەوان ئەمەیان کردووە. چەوساندنەوەیەکی ترسناک دژی مەسیحییەکان دەستی پێکرد. هەرچەندە پۆڵس هاوڵاتی ڕۆما بوو، بەڵام چیتر سوودی لە هیچ پارێزگارییەکی سیاسی وەرنەدەگرت. دووەم زیندانیبوونی پۆڵس لە ڕۆما توند و کورت بوو١٤٦.

پۆڵس نامەی (سێزدەیەم)(کۆتایی)ی خۆی نووسی: **دووەم تیمۆساوس** لەوانەیە لە زستانی ساڵانی ٦٤ بۆ ٦٥ی زایینی جارێکی تر لە زیندانی ڕۆماوە١٤٧. مەبەستی ئەمە بوو: "ڕێنماییکردنی تیمۆساوس بۆ ڕاگەیاندنی پەیامی دروستی مەسیح."

ئێمە نازانین تیمۆساوس لە کوێ بووە کاتێک پۆڵس نامەی دووەمی بۆ نووسیوە. پۆڵس باسی ئەو کەسانە دەکات لە هەرێمی ئاسیا کە پشتیان بەردابوو١٤٨.

باسی ئۆنیسیفۆرۆس دەکات کە لە ئەفەسۆس یارمەتی دابوو١٤٩ و دەڵێت کەتیخیکۆسی ناردووە بۆ ئەفەسۆس، لەوانەیە بۆ ئەوەی تیمۆساوس بتوانێت بێت بۆ لای لە ڕۆما ١٥٠. لە ئەفەسۆسەوە، تیمۆساوس دەتوانێت لە ڕێگەی ترۆاسەوە گەشت بکات بۆ ڕۆما١٥١. پۆڵس هەروەها سڵاوی نارد بۆ پریسکیلا و ئەکیلا. ئەم جووتە پێشتر جارێک ڕۆمایان بەجێهێشتبوو کاتێک ئیمپراتۆر کلاودیوس فەرمانی دا بە هەموو جوولەکەکان کە ڕۆما بەجێبهێڵن. ئەوان لە کۆرینسۆس و ئەفەسۆس ژیابوون پێش ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕۆما١٥٢. ئێستا وا دەردەکەوێت کە ئەوان بۆ جاری دووەم لە ئەفەسۆس ژیاون دوای ئەوەی ئیمپراتۆر نیرۆ چەوساندنەوەی دژی مەسیحییەکان لە ڕۆما دەستپێکرد١٥٣. بۆیە ئێمە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە تیمۆساوس بە ئەگەری زۆرەوە لە ئەفەسۆس بووە کاتێک پۆڵس نامەی دووەمی بۆ نووسیوە. تیمۆساوس هێشتا ئەفەسۆسی بەجێنەهێشتبوو، کە لەوێ شەڕی دژی مامۆستا درۆزنەکان هێشتا بەردەوام بوو١٥٤.

پۆڵس حوکمی مردنی بەسەردا سەپێنرا١٥٥ و بەگوێرەی نەریتی باوکە سەرەتاییەکانی کڵێسا سەری لێکرایەوە لەسەر ڕێگای ئۆستیا، شارێیەک لە دەرەوەی ڕۆما، نزیکەی ٥ کیلۆمەتر لە دەرەوەی ڕۆما. ئێمە نازانین کە ئایا پێش مردنی پۆڵس تیمۆساوس و مەرقۆس گەیشتنە ڕۆما یان نا.

## ٩. خوێندنەوە، ئاڵوگۆڕ و کۆکردنەوەی نامەکانی پۆڵس

نێردراوی خودا پۆڵس هانی باوەڕدارانی دەدا نامەکانی بۆ کۆمەڵەکان/کڵێساکان بخوێننەوە١٥٦ و هەروەها نامەکانی لەگەڵ کۆمەڵەکانی تر ئاڵوگۆڕ بکەن١٥٧. تیمۆساوس بۆ ماوەی ١٤ ساڵ هاوکاری دڵسۆزی بوو و پەیوەندی باشی هەبوو لەگەڵ هەموو هاوکارەکانی تری پۆڵس و هەموو ئەو کۆمەڵانەی کە پۆڵس یان دایمەزراندبوون یان بنیاتی نابوون. تیمۆساوس هەروەها خاوەنی پێستە بەنرخەکانی پۆڵس بوو١٥٨. لە دووەم زیندانیبوونی لە ڕۆما، پۆڵس ئەرکێکی گرنگی دا بە تیمۆساوس: "ئەوەی کە لە بەردەم چەندین شایەتدا (هەموو ئەم خەڵکانە و کۆمەڵانەدا) لە منت بیستوە، بە خەڵکی دڵسۆزی بسپێرە کە لهاتوو بن بۆ ئەوەی خەڵکی دیکەش فێر بکەن ١٥٩". یەکێک لە ڕێگاکان بۆ ئەنجامدانی ئەمە ئەوە بوو کە تیمۆساوس هەموو نامەکانی پۆڵسی کۆکردەوە، کۆپی کردن و بڵاوی کردنەوە بە هەموو کڵێساکاندا.

١٣٨ تیمۆساوسی یەکەم ١: ٣
١٣٩ تیتۆس ٣: ١٢
١٤٠ ڕۆما ١٥: ٢٤، ٢٨
١٤١ تیمۆساوسی دووەم ٤: ٢٠
١٤٢ تیمۆساوسی دووەم ١: ٤
١٤٣ تیمۆساوسی دووەم ٤: ١٣
١٤٤ تیمۆساوسی دووەم ٤: ٢٠
١٤٥ تیمۆساوسی دووەم ٤: ١١
١٤٦ تیمۆساوسی دووەم ١: ١٦؛ ٢: ٩
١٤٧ تیمۆساوسی دووەم ٤: ٩، ٢١
١٤٨ تیمۆساوسی دووەم ١: ١٥
١٤٩ تیمۆساوسی دووەم ١: ١٨
١٥٠ تیمۆساوسی دووەم ٤: ١٢
١٥١ تیمۆساوسی دووەم ٤: ١٣

١٥٢ کردار ١٨: ١-٣، ١٨-١٩؛ کۆرنسۆسی یەکەم ١٦: ١٩؛ ڕۆما ١٦: ٣-٤
١٥٣ تیمۆساوسی دووەم ٤: ١٩
١٥٤ تیمۆساوسی دووەم ١: ٨؛ ٢: ٣، ١٢، ١٤-١٨، ٢٣؛ ٣: ٨، ١٢
١٥٥ بەراورد بکە لەگەڵ تیمۆساوسی دووەم ٤: ٦-٧
١٥٦ سالۆنیکی یەکەم ٥: ٢٧
١٥٧ کۆلۆسی ٤: ١٦
١٥٨ تیمۆساوسی دووەم ٤: ١٣
١٥٩ تیمۆساوسی دووەم ٢: ٢

## هـ. هەشت نامەی گشتی (٤٣-٩٨ ز)

### ١. نامەی عیبرانییەکان

نەزانراوە کێ نامەی عیبرانییەکانی نووسیوە، بۆ کێی نووسیوە یان کەی و لە کوێوە ئەم نامەیە نووسراوە.

**• عیبرانییەکان جوولەکە مەسیحییەکان بوون، ئەوانەی لە پێشینەیەکی تایفەیی جوولەکەوە باوەڕیان هێنابوو.**

ئەوان بە ئەگەری زۆر سەر بە کۆمەڵگایەکی تایفەی جوولەکە بوون لە ڕۆما ١٦٠ و ئایینەکەیان بە شوشتنەوەی ڕێوڕەسمی یان 'لەئاوهەڵکێشان'ەکان (شوشتنەوە بۆ پاکبوونەوەی ڕێوڕەسمی) دیاریکرابوو١٦١. کاتێک ئەم جوولەکانە بوون بە مەسیحی، ئەوان هەندێک نەریتی تایفەییان لەگەڵ خۆیان بردە ناو کۆمەڵەی مەسیحی.

**• نامەی عیبرانییەکان. نامەی گشتی (یەکەم): عیبرانییەکان. پێش ساڵی ٦٤ی زایینی نووسرا بۆ جوولەکە مەسیحییەکان لە ڕۆما کە هەر پابەندی فێرکردنە پارێزگارەکانی جوولەکەی تایفەیی نەریتی بوون.**

مەبەستی نامەی عیبرانییەکان ئەمە بوو: "فێرکردنی ئەوەی کە پەیامی پەیمانی کۆن بە پەیامی پەیمانی نوێ تەواو کرابوو". عیسای مەسیح بەرزترین کەسایەتی شکۆدارە لە مێژوودا. کاری ڕزگاریی ئەو بە ژیان، مردن و هەستانەوەی، بە تەواوی بەجێگەیەنراوە. پەیامی پەیمانی نوێ وشەی کۆتایی خودایە بۆ هەموو مرۆڤایەتی١٦٢.

### ٢. نامەی یاقوب

• یاقوب.

یاقوب برای عیسا بوو و یەکێک بوو لە ڕابەرانی کەنیسەی ئۆرشەلیم، کە پێکهاتبوو لە هەزاران مەسیحی جوولەکە.

• نامەی یاقوب.

نامەی گشتی (دووەم): **یاقوب** لەوانەیە پێش ساڵی ٤٣ ز، لە ئۆرشەلیمەوە بۆ کەنیسە مەسیحییە جوولەکەکان کە بە یۆنانی قسەیان دەکرد نووسرابێت. لەوانەیە کۆنترین کتێبی نووسراوی پەیمانی نوێ بێت.
مەبەستی یاقوب کەم یا زۆر هەمان ئامانجی عیسا بوو لە وتاری سەر چیا، واتە، "ڕوونکردنەوەی ستاندارده ڕاستەقینەکانی ژیانی مەسیحی لە پاشایەتی خودادا".
یاقوب نامەکەی ئاراستەی "دوانزە هۆزە پەرتەوازە کە لە نێوان نەتەوەکان" کرد، واتە، بۆ کەنیسە مەسیحییە جوولەکەکان کە بە یۆنانی قسەیان دەکرد. ئەم کەنیسانە لە ئەنجامی چەوساندنەوەی زۆری نێو ئۆرشەلیم دروست بوون، بەتایبەتی دژی ئەو جوولەکانەی کە بە یۆنانی قسەیان دەکرد و ببوونە مەسیحی.
لە هەموو شوێنێک کە دەچوون، ئەوان تەنها بۆ جوولەکە یۆنانی زمانەکان و ناجوولەکەکانی کە بۆ ئایینی جوولەکە هاتبوون، مزگێنییان ڕادەگەیاند و لە نێوانیاندا کەنیسەی مەسیحییان دامەزراند.

## ٣. هەردوو نامەی پەترۆس.

**• نێردراو پەترۆس.**

پەترۆس جوولەکەیەک بوو لە کەفەرناحوم لە هەرێمی جەلیل. ئەو و براکەی ئەندراوس ماسیگر بوون[١٧٠].

دوای یۆحەنا و ئەندراوس، پەترۆس لەوانەیە ببێتە سێیەم قوتابی عیسای مەسیح[١٧١]. عیسا بەڵێنی بە پەترۆس (بە یۆنانی: پترۆس) دابوو کە کڵێساکەی لەسەر "بەردەکە" (بە یۆنانی: پترا) بنیات دەنێت، واتە، بەتایبەتی لەسەر نێردراو پەترۆس و نێردراوانی تر[١٧٢] و شایەتیدانیان سەبارەت بە عیسای مەسیح، کە بەردی ڕاستەقینەیە[١٧٣]. عیسای مەسیح یەکەم کەنیسەی لە نێو جوولەکەکان[١٧٤]، یەکەم کەنیسەی لە نێو نیوە-جوولەکەکان[١٧٤] و یەکەم کەنیسەی لە نێو ناجوولەکەکان[١٧٦] بە ڕێگەی نێردراو پەترۆس چاند.

- نێردراو پەترۆس یەکێک بوو لە ڕابەرانی کەنیسەی ئۆرشەلیم لە نێوان ساڵانی ٣٠-٣٣/ ٣٤ ز[١٧٧].
- نزیکەی ساڵی٤٠ ز پەترۆس یەکەم کەس بوو کە مزگێنی بۆ ناجوولەکەکان (نەتەوەکان) لە قەیسەرییە ڕاگەیاند[١٧٨].

١٦٠ بەراورد بکە لەگەڵ عیبرانییەکان ١٣: ٢٤
١٦١ عیبرانییەکان ٦: ٢
١٦٢ عیبرانییەکان ١: ١-٢؛ بەراورد بکە لەگەڵ ئاشکراکردن ٢٢: ١٨-١٩
١٦٣ مەرقۆس ٦: ٣
١٦٤ کردار ٢١: ١٨-٢٠
١٦٥ مەتا ٥-٧
١٦٦ کردار ٦: ٨ هەتا کردار ٨: ٣
١٦٧ کردار ٢٢: ٥
١٦٨ کردار ١١: ١٩
١٦٩ مەرقۆس ١: ٢١، ٢٩
١٧٠ مەرقۆس ١: ١٦
١٧١ یۆحەنا ١: ٤٠-٤٢
١٧٢ مەتا ١٦: ١٨؛ بەراورد بکە لەگەڵ ئەفەسۆس ٢: ٢٠؛ پەیدابوون (ئاشکراکردن) ٢١: ١٤-١٦
١٧٣ دانیال ٢: ٤٤؛ پەترۆسی یەکەم ٢: ٨؛ بەراورد بکە لەگەڵ کۆرنسۆسی یەکەم ٣: ١١
١٧٤ کردار ٢
١٧٥ کردار ٨
١٧٦ کردار ١٠
١٧٧ کردار ١: ١٥؛ کردار ٢: ١٤؛ کردار ٣: ١٢؛ کردار ٤: ٨؛ کردار ٥: ٣، ٢٩؛ کردار ٦: ٢، ٤؛ کردار ١٥: ٧، هتد.
١٧٨ کردار ١٥: ٧-٩

خودا دەبوایە ڕێکاری زۆر توند بگرێتە بەر بۆ ئەوەی پەترۆس قەناعەت پێبکات کە مزگێنی تەنها بۆ جوولەکەکان نەبوو، بەڵکو بۆ ناجوولەکەکانیش (نەتەوەکان) بوو لە جیهاندا[١٧٩]! لە ساڵی ٤٤ ز، کاتێک شا هێرۆدس ئەگریپاس یەکەم مرد، پەترۆس زیندانی کرا، بەڵام بە شێوەیەکی پەرجوو ئازاد کرا. دواتر لە ئۆرشەلیم دوور کەوتەوە[١٨٠]. لە دوای ئەوە، یاقوب، برای عیسا، بوو بە یەکێک لە ڕابەرە گرنگەکانی کەنیسەی ئۆرشەلیم[١٨١].

**• هەردوو نامەی پەترۆس.**

پەترۆس دوو نامەی بۆ ئەو کەنیسانە نووسی کە پۆڵس لە ئاسیای بچووک دایمەزراندبوون. ئەگەرچی نازانین ئایا پەترۆس هەرگیز لە ئاسیای بچووک خزمەتی کردووە یان نا، بەڵام ئەمە لەوانەیە شیاو بێت کاتێک لەبەرچاو دەگریت کە ئەو زۆر گەشتی کردووە. ئەم کەنیسانە لە ئاسیای بچووک بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناجوولەکە نوێ باوەڕەکان پێکهاتبوون. ئەوان لەلایەن هاوولاتییەکانی خۆیانەوە دەچەوسێنرانەوە و ئازار دەدران.

سێیەم نامەی گشتی **پەترۆسی یەکەمە**. لە ماوەی ساڵانی ٦٢-٦٣ ز. لە ڕۆماوە بۆ کەنیسەکانی ئاسیای بچووک [١٨٢]نووسرا. مەبەستی پەترۆس "بەهێزکردنی مەسیحییەکان بوو لە نێو ئازارەکانیاندا و هاندانیان بۆ ژیانێکی خوداناس بە لەبەرچاو گرتنی هیوای داهاتوویان".

چوارەم نامەی گشتی **پەترۆسی دووەمە**. لە ساڵی ٦٤ز. لە ڕۆماوە، کەمێک پێش مردنی١٨٣ پەترۆس لە کاتی چەوساندنەوەی کڵێسا لەلایەن قەیسەر نێرۆ لە ساڵی ٦٤/٦٥، نووسرا. ئەو ئەم نامەیەی بۆ هەمان کەنیسەکانی ئاسیای بچووک نووسی١٨٤. مەبەستی ئەو: "ئامادەکردنی مەسیحییەکان بوو دژی مامۆستایانی درۆزن و فێرکردنە هەڵەکانیان".

لە کاتێکدا نامەی پەترۆسی یەکەم باسی ئەو مەترسییانە دەکات کە لە دەرەوەی کەنیسەوە سەرچاوە دەگرن، بە تایبەتی هاووڵاتییە دوژمنەکانیان، نامەی پەترۆسی دووەم باسی ئەو مەترسییانە دەکات کە لە ناوەوەی کەنیسەوە سەرچاوە دەگرن، واتە مامۆستایانی درۆزن.

### ٤. سێ نامەکەی یۆحەنا

**نێردراو یۆحەنا**

دوای مردنی نێردراوان پەترۆس و و پۆڵس، خودا ڕێبەرێکی نوێی بە کۆمەڵگا مەسیحییەکان لە ئاسیای بچووک بەخشی: نێردراو یۆحەنا. باوکی کڵێسا ئیرێنایۆس (١٣٠-٢٠٠) دەڵێت کە نێردراو یۆحەنا بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە ئەفەسۆس لە ئاسیای بچووک ژیاوە و تا سەردەمی قەیسەر تراجان خزمەتی کردووە.

**سێ نامەکەی یۆحەنا**

دوای وێرانکردنی ئۆرشەلیم و پەرستگا لە ساڵی ٧٠ی زایینی لەلایەن سوپای ڕۆمانی لەژێر سەرکردایەتی تیتۆس، ئایینە بتپەرستەکان بە فێرکردنی فەلسەفی و نەریتە بتپەرستەکانیانەوە دەستیان کرد بە کاریگەری خستنە سەر فێرکردن و نەریتە مەسیحییەکان. یۆحەنا سێ نامەی لەو ماوەیەدا نووسی.

پێنجەم نامەی گشتی **١ یۆحەنا**، نامەی گشتی٢ یۆحەنا و نامەی گشتی (٧ـەم) ٣ یۆحەنا لە ماوەی ساڵانی ٧٠-٩٨ی زایینی لە ئەفەسۆس نووسراون و بۆ کۆمەڵگاکان/کڵێساکانی ناوچەی ئەفەسۆس نێردراون. مەبەستی یۆحەنا "ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگا مەسیحییەکان بوو لە فێرکردنی هەڵەی سێرینتۆس". سێرینتۆس جوولەکەیەک بوو کە ببووە مەسیحی لە ئەسکەندەریەی میسر و هاوچەرخی یۆحەنا بوو. سێرینتۆس و لایەنگرانی تری گنۆستیسیزم بیدعەکارانی مەسیحی بوون کە بە درۆ بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە زانیاری ڕۆحییان هەیە کە زیاترە لەوەی لە کتێبی پیرۆزدا ئاشکرا کراوە.

### ٥. نامەی یەهوزا

- **یەهوزا**

یەهوزا هەروەها برای عیسا و یا قوب بوو١٨٥.

- **نامەی یەهوزا**

نامەی گشتی (٨ـەم)یەهوزا یە و لە ماوەی ساڵانی ٦٤-٦٨ی زایینی نووسراوە، پێدەچێت بۆ هەمان کۆمەڵەی باوەڕداران لە ئاسیای بچووک نووسرابێت کە پەترۆس بۆی نووسیبوون. مەبەستی یەهوزا "ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵەی باوەڕداران بوو لە مامۆستا درۆزنەکان و هاندانیان بەرەو خۆشەویستی، باوەڕ و نوێژ١٨٦. وا دیارە مامۆستا درۆزنەکان پێشتر چووبوونە ناو کۆمەڵەی باوەڕداران و کاری تێکدەرانەیان ئەنجام دابوو.

## و. کتێبی ئاشکراکردن (٨١-٩٦ ز)

### ١. پێشینە و پاشخانی کتێبەکە

باوکی کڵێسا ئیرێنیۆس (١٣٠-٢٠٠) گوتوویەتی کە کتێبی ئاشکراکردن لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی قەیسەر دۆمیتیان (٨١-٩٦) نووسراوە، کە لە سێ ساڵی کۆتایی دەسەڵاتیدا چەوساندنەوەی مەسیحییەکانی دەستپێکرد. ئەو داوای دەکرد کە هەموو خەڵکی دەبێت ئەو وەک "خودا" بپەرستن و دژی گەشەکردنی کڵێسای مەسیحی بوو. ئەو بەرهەڵستی و چەوساندنەوەیەی ژێر دەسەڵاتی قەیسەر دۆمیتیان نموونەیەک بوو بۆ ئەو دۆخە کۆمەلایەتی، ئابووری و ئایینییانەی کە لە

کتێبی ئاشکراکردندا ئاشکرا کراون و کە خەسڵەتی مێژووی کڵێسایان لە چوارچێوەی مێژووی جیهاندا لە ماوەی هەموو ئەو قۆناغەی نێوان هاتنی یەکەم و دووەمی عیسای مەسیح پێک دەهێنا.

١٧٩ کردەوەکان ١٠ :٩-٢٣
١٨٠ کردەوەکان ١٢ :١-١٩
١٨١ کردەوەکان ٢١:١٧
١٨٢ پەترۆسی یەکەم ١:١
١٨٣ پەترۆسی دووەم ١:١٤
١٨٤ پەترۆسی دووەم ٣:١
١٨٥ مەرقۆس ٦:٣
١٨٦ یەهوزا ٢٠:١-٢١

### ٢. نووسەری کتێبەکە
هەرچەندە خودا لە عیسای مەسیحدا نووسەری ڕاستەقینەی کتێبی ئاشکراکردنە، مەسیح ناوەڕۆکی ئەم کتێبەی لەڕێگەی فریشتەیەکەوە بۆ یۆحەنای نێردراو لە ڕێگەی بینین و زمانی هێماداراوە ئاشکرا کرد.

یۆحەنا ئەم بینینانەی لە کتێبی **ئاشکراکردندا** تۆمار کرد لە نزیکەی سالآنی ٩٥-٩٦ی زاییندا کاتێک لە دوورگەی پاتمۆس دوورخرابووەوە (١٤ کاتژمێر کەشتیرانی لە باشووری ڕۆژئاوای ئەفەسۆسەوە).

### ٣. ئامانجی کتێبەکە
ئامانجی کتێبی ئاشکراکردن لە لایەکەوە: "هاندانی مەسیحییە چەوسێنراوەکانە لە سەرتاسەری مێژوودا لە خەباتیان دژی هێزە سیاسی، ئایینی و نارەوشتییە خراپەکان (دژە مەسیحەکان، پێغەمبەرە درۆزنەکان و لەشفرۆشە گەورەکان)، چونکە مەسیحییە ڕاستەقینەکان سەرکەوتوون لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە[١٨٧]."

مەبەستی کتێبی ئاشکراکردن لە لایەکی ترەوە: "ئاگادارکردنەوەی ئەو مەسیحییانەیە کە بێباک و کەمتەرخەمن و تووشی تاقیکردنەوە بوون بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئەم جیهانە خراپە بن، کە ئەگەر تۆبە نەکەن، چرای بەردەمیان لە شوێنی خۆی لادەبرێت[١٨٨]."

### ٤. بابەتی کتێبەکە
بابەتی کتێبی ئاشکراکردن ئەمەیە:
سەرکەوتنی مەسیح و کڵێساکەی بەسەر ئەژدیهاکە (شەیتان) و یارمەتیدەرەکانیدا (دژە مەسیح، پێغەمبەری درۆزن، لەشفرۆشی گەورە و پاشاکانی جیهان لەگەڵ سوپاکانیان).

## بەشی دووەم. گواستنەوە و وەرگێڕانی دەستنووسەکان و لیستی کتێبەکانی پەیمانی نوێ

## ز. گواستنەوەی کۆپی دەستنووسەکانی پەیمانی نوێ

### ١. دەستنووسە ڕەسەنە (ئۆرجینالّ) یۆنانییەکانی پەیمانی نوێ
دەستنووسە ڕەسەنەکانی پەیمانی نوێ لەوانەیە لە نێوان سالآنی ٤٣-٩٧ی زاینیدا لەسەر پاپیرۆس نووسرابن، کە جۆرێکی تەنک و ناسکی کاغەزە لە گیای پاپیرۆس دروستکراوە کە لە زۆنگاوەکانی میسر و ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا گەشەی دەکرد. ئەم دەستنووسانە بە دەست "بە قەڵەم و مەرەکەب"[١٨٩] نووسراون. هەموو کتێبە ڕەسەنەکانی پەیمانی نوێ

بە زمانی یۆنانی نووسراون، کە گرنگترین زمان بوو بۆ ئەدەبیات لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەو سەردەمەدا. بەڵگەنامەی دەستنووس بە هەر زمانێک پێی دەگوترێت 'دەستنووس'.

بەڵگەنامە دەستنووسە ڕەسەنەکان بە شێوەیەکی ئاسایی لە ڕێگەی نێردراوانەوە بۆ کڵێساکان یان ئەو کەسانە دەنێردران کە بۆیان مەبەست بوو. نامەکە بۆ کۆلۆسییەکان لەوانەیە لەلایەن تیخیکۆسەوە نێردرابێت. بەپێی کۆلۆسی ٤ :٧-٩، ١٦، پۆڵس تیخیکۆسی نارد بە مەبەستی ئەوەی کە کڵێسا ئاگاداری بارودۆخی ئەو بێت (زیندانیکردنی لە ڕۆمادا).

## ٢. کۆنترین کۆپییەکان و کۆکراوەی کتێبەکانی پەیمانی نوێ

دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ کە ئەمڕۆ لەبەردەستماندایە لە ڕێگەی کۆپیکردنی دەستنووسە ڕەسەنەکانەوە لە ماوەی زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵدا گەیشتووەتە ئێمە، هەتا چاپخانە داهێنرا و بەکارهێنرا[١٩٠]. دوای چەندین ساڵ بەکارهێنان، ئەم کۆپییە دەستنووسانە دەستیان کرد بە دڕان و بۆ بەکارهێنان زۆر کۆن بوون. بۆیە کۆپی نوێی ئەم کۆپییە کۆنانە دروستکران، هەندێک جار بە گۆڕانکاری بچووکی نەخوازراو. هتد. دەستنووسێک بە گۆڕانکارییەکی تایبەت[١٩١] بوو بە سەرچاوەی خێزانێکی تەواوی دەستنووسەکان کە هەموویان هەمان گۆڕانکارییان هەبوو. بەم شێوەیە خێزانی تەواوی دەستنووسەکان هاتوونەتە بوون، هەریەکەیان بە گۆڕانکارییەکی جیاوازەوە. ڕەچەڵەکی تایبەتی دەستنووسەکان دەکرێت دووبارە دروست بکرێتەوە بە تێبینیکردنی لێکچوونەکان و جیاوازییە بچووکەکان لە کۆپی زۆری دەستنووسەکاندا[١٩٢].

هەرچەندە ئێمە خاوەنی دەستنووسە بێ هەڵە و ڕەسەنەکانی کتێبە جیاوازەکانی پەیمانی نوێ نین، بەڵام کۆپی زۆر کۆن پارێزراون. پارچەی دەستنووسی وا دۆزراونەتەوە کە کەمتر لە ٢٥٠ ساڵ لە دەستنووسە ڕەسەنەکان نوێترن! کۆپییەکانی پەیمانی نوێ زۆر نزیکترن بە بەراورد دەستنووسە ڕەسەنەکان لە هەر تۆمارێکی ئەدەبی یان ئایینی مێژوویی دیکە.
ئەمەش لەبەر ئەوەی کە مەسیحییەکان متمانەیەکی زۆریان بە متمانەپێکراوی دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ هەیە!

کۆپی ئینجیلە ڕەسەنەکان و نامە ڕەسەنەکانی پۆڵس دەبێت لە سەرەتادا دروستکرابن و بڵاوکرابنەوە. لە پەترۆسی دووەم ٣: ٢، ١٥-١٦، نێردراو پەترۆس باسی کتێبەکانی پەیمانی کۆن، ئینجیلەکان و نامەی نێردراوەکان دەکات. ئەو باسی "ئەو وشانە دەکات کە لە ڕابردوودا لەلایەن پێغەمبەرە پیرۆزەکانەوە گوتراون" (کتێبەکانی پەیمانی کۆن)، "ئەو فەرمانەی کە لەلایەن پەروەردگار و ڕزگارکەرمانەوە لە ڕێگەی نێردراوەکانەوە دراوە" (ئینجیلەکان)، و هەروەها "هەموو نامەکانی پۆڵس". ئەگەری ئەوە هەیە کە دوو ئینجیل (مەتا و مەرقۆس) و سێزدە نامەکەی پۆڵس پێشتر وەک دوو کۆکراوە تا ساڵی ٦٤ی زایینی گوێزرابنەوە، چونکە ئەوان هەرگیز وەک یەک دەسنوس دەرنەکەوتوون!

١٨٧ ڕۆما ٨ :٣٧؛ ئاشکراکردن ١٧ :١٤
١٨٨ ئاشکراکردن ٢ :٥
١٨٩ یەرمیا ٣٦ :١٨؛ سێیەم یۆحەنای ١٣
١٩٠ چاپکردنی کتێب لە هارلێم (هۆڵەندا) (لەوانەیە لەلایەن لۆرێنس کۆستەرەوە) لە ساڵی ١٤٤٠ داهێنرا و لە ماینز (ئەڵمانیا) لەلایەن یۆهانس گوتنبێرگەوە لە ساڵی ١٤٥٠ باشتر کرا.
١٩١ گۆڕانکاریەکان: بۆ نموونە i) وشەیەکی تر (هاوواتا)، ii) وشەیەکی زیادکراو (بۆ ڕوونکردنەوە)، iii) یان وشەیەکی سڕاوە (بە هەڵە)، iv) یان نووسینێکی هەڵە.
١٩٢ نزیکەی ٥٠٠٠ دەستنووسی یۆنانی!

باوکێکی کڵێسا، جاستن مارتیر، دەنووسێت کە نزیکەی ساڵی ١٤٠ی زایینی ئینجیلی لۆقا لە کرداری نێردراوان جیاکرایەوە و لەگەڵ سێ ئینجیلەکەی تر یەکخرا بۆ پێکهێنانی 'ژیانی چوارقۆڵی مەسیح'.

نامە گشتییەکان و کتێبی ئاشکراکردن هەرگیز سەر بە هیچ کۆکراوەیەک نەبوون، چونکە ئەوان بە هەمان ڕیزبەندی لە کارەکانی باوکانی کڵێسای سەرەتاییدا دەرنەکەوتوون. ئەوان بەرەبەرە ڕاکێشران بۆ ناو کۆکراوەی گەورەتر لەگەڵ ئەوانی تر، هەتا هەموو پەیمانی نوێ وەک ئەمڕۆ دەیناسین لە سەدەی سێیەمی سەرەتای دوای مەسیح هاتە بوون.

## ٣. لەبەرگرتنەوەی (کۆپیکردن) کتێبەکانی پەیمانی نوێ

کتێبەکانی پەیمانی نوێ سەرەتا یان لەلایەن تاکەکەسانەوە بۆ بەکارهێنانی تایبەتی خۆیان یان لەلایەن نووسەرە پیشەییەکانەوە (نووسەران) بۆ بەکارهێنان لە کڵێساکان و دێرەکان کۆپی دەکران. کۆپییەکان بە گشتی یەک بە یەک دەکران. بەڵام کاتێک داواکاری زیادی کرد، ئەگەری هەیە کە خزمەتکارە ڕاهێنراوەکان چەندین کۆپییان بە هاوکات لە دیکتەی یەکێکیانەوە کۆپی کردبێت. لە پرۆسەی کۆپیکردنەکەدا، هەڵە هاتنە نێو دەستنووسەکان. ئەم هەڵانە دواتر لەلایەن کۆپیکەرەکانەوە بەردەوام بوون. بەم شێوەیە چەندین جۆری جیاوازی هەر کۆپییەکی کتێبی پەیمانی نوێ هاتنە بوون. هەرچۆنێک بێت، ئەو ڕاستییەی کە ئێمە ژمارەیەکی زۆری کۆپی کتێبەکانی پەیمانی نوێمان هەیە، دەبێت دەقە ڕەسەنەکان لە هەندێک لەم کۆپیانەدا پارێزرابن.

دوای ئەوەی کە مەسیحییەت بووە ئایینی فەرمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما لە ساڵی ٣١٣ ز.، ئیمپراتۆر کۆنستانتین فەرمانی کرد کە ٥٠ کۆپی تەواوی کتێبی پیرۆز دروست بکرێن و لە نێوان کڵێسا گەورەکان دابەش بکرێن لە شارەکانی ئیمپراتۆریەتەکە. ئەم کۆپیانە بوونە ئەوەی کە پێی دەوترێت 'چاپە ڕێپێدراوەکان' ی کتێبی پیرۆز و وەک ئەو دەقە کاریان پێکرا کە دواتر هەزاران کۆپی لێ کرایەوە.

لە نێوان سەدەکانی چوارەم و دوانزەیەمدا، پەیمانی نوێ یان بە بەشێک لە پەیمانی نوێ  وەک 'ئینجیل' یان 'نامەکانی پۆڵس' بڵاوکرایەوە، یان هەندێک جار بە بەرگی تەواو وەک 'تەواوی پەیمانی نوێ' یان 'تەواوی کتێبی پیرۆز.'

لەبەر ئەوەی پاپیرۆس زۆر لاواز بوو بۆ بەکارهێنان لە خزمەتە گشتییەکان یان لە کتێبخانەکانی دێرەکان، نووسەران (نووسینەوەکاران) بە گشتی لافیتەی تەنکی پێستی گوێرەکە (کە پێی دەوترێت ڤێلۆم) یان پێستی مەڕ (کە پێی دەوترێت پارچمێنت) بەکار دەهێنا بۆ نووسین. ئەم کەرەستانە بەکار دەهێنران هەتا سەردەمی چاپکردن لە سەدەی ١٥ەمدا.

## ح. دووبارە دروستکردنەوەی دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ

سەرچاوەی زیاتر بەردەستە بۆ دووبارە دروستکردنەوەی دەقی ڕەسەنی یۆنانی پەیمانی نوێ لەچاو هەر بەڵگەنامەیەکی تری (مێژوویی، ئەدەبی، یان ئایینی) بە هەر زمانێکی سەردەمی کلاسیکی!

سێ جۆر سەرچاوە لە ئێستادا بەردەستن:

• چەندین دەستنووسی یۆنانی پەیمانی نوێ.
• چەندین وەرگێڕانی سەرەتایی پەیمانی نوێ بۆ زمانەکانی تر.
• چەندین نووسراوی باوکانی کڵێسا، کە پەیمانی نوێ دەگێڕنەوە.

### ١. ژمارەیەکی زۆری دەستنووسە یۆنانییەکانی پەیمانی نوێ.

**• پارچەکانی دەستنووسەکان.**

کۆنترین پارچەکانی پەیمانی نوێ ئەمانەن:

- پارچەیەک لە مەرقۆس ٦: ٥٢-٥٣ کە مێژووەکەی پێش ساڵی ٥٠ی زایینییە
- پارچەکانی کە یۆحەنا ١٨: ٣١-٣٤، ٣٧-٣٨ لەخۆ دەگرێت، کە مێژووەکەی ساڵی ١٣٠ی زایینییە!
- ئەمەش دەیسەلمێنێت کە ئینجیلی مەرقۆس لەوانەیە یەکەم ئینجیل بووبێت و ئینجیلی یۆحەناش پێش ساڵی ١٠٠ی زایینی نووسرابێت.
- پاپیرۆسەکانی چێستەر بیتی بەشێکی گەورەی پەیمانی نوێ لەخۆ دەگرێت و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٢٠٠-٢٥٠ی زایینی.

**• دەستنووسەکان بە پیتی گەورە (نووسینی ماژوسکول)١٩٣.**

کۆنترین بەرگەکانی پەیمانی نوێ بە پیتی گەورە نووسراون (پێیان دەوترێت پیتی ماژوسکول یان ئەنسیال) لە نێوان سەدەی چوارەم و هەشتەمی زایینیدا. سێ بەرگ بەتایبەتی گرنگن، ئەوانیش:

- <u>**کۆدێکسی ڤاتیکانوس**</u> (بە 'B' دەناسرێت)، کە نزیکەی هەموو پەیمانی نوێ لەخۆ دەگرێت و مێژووەکەی بۆ ساڵەکانی ٣٢٥-٣٥٠ی زایینی دەگەڕێتەوە

- **کۆدێکسی سینایتیکوس** (بە ‘ئەلێف’ دەناسرێت)، کە نزیکەی هەموو پەیمانی نوێ و نیوەی پەیمانی
کۆن لەخۆ دەگرێت و مێژووەکەی ساڵی ٣٥٠ی زایینییە
- **کۆدێکسی ئەلێکساندرینوس** (بە ‘A’ دەناسرێت) کە نزیکەی هەموو کتێبی پیرۆز لەخۆ دەگرێت و مێژووەکەی ساڵی ٤٠٠ی زایینییە.

ئەم کۆدێکسانە زۆر بە وردی کۆپی کراونەتەوە بۆ خوێندنەوەی گشتی لە کڵێساکاندا.

**• دەستنووسەکان بە پیتی بچووکی کێرسڤ (نووسینی مینوسکول)١٩٤.**
بەرگەکانی تری پەیمانی نوێ بە پیتی بچووکی کێرسڤ نووسراون لە نێوان سەدەی دەیەم و پازدەهەمی زایینیدا. ئەمڕۆ نزیکەی ٥٠٠٠ دەستنووسی پەیمانی نوێمان هەیە بە زمانی یۆنانی!

١٩٣ نووسینی ماژوسکول = پیتی گەورەی خڕی جیای ئەلفوبێی یۆنانی، “ئەنسیال” (جۆرێکی پیتی ماژوسکول بە فۆرمی خڕ، کە لە سەدەی چوارەمدا بەکارهێنراوە و لە دەستنووسەکانی سەدەی چوارەم - هەشتەمدا دۆزراوەتەوە. پیتە گەورەکانی ئەمڕۆ بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ئەنسیالەکانەوە وەرگیراون.
١٩٤ نووسینی مینوسکول = جۆرێک نووسینی کێرسڤ کە لە سەدەی حەوتەمدا پەرەی پێدراوە. پیتە بچووکەکانی ئەمڕۆ لە مینوسکولەکانەوە وەرگیراون.

## ٢. وەرگێڕانە سەرەتاییەکانی ( کۆنەکان) پەیمانی نوێ لە دەقی یۆنانییەوە

مەسیحییەکان مژدەی ئینجیلیان بە چەندین وڵاتدا بڵاوکردەوە، هەم بەرەو ڕۆژئاوا و هەم بەرەو ڕۆژهەڵات. هەر بۆیە پەیمانی نوێی یۆنانی وەرگێڕدرا بۆ لاتینی، زمانی سەرەکی لە بەشی ڕۆژئاوای ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمان و سریانی، زمانی سەرەکی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆما. ئەمانە لە نێوان ساڵەکانی ١٥٠-٢٠٠ی زایینی وەرگێڕدران و بەم شێوەیە لەسەر دەستنووسە یۆنانییەکان بنیات نرابوون کە کۆنتر بوون لە هەر دەستنووسێکی یۆنانی کە ماوەتەوە. وەرگێرانەکان یارمەتی دەدەن بۆ دڵنیابوون لە ناوەرۆک و واتای دروستی وشە یۆنانییەکان.

**- کۆنترین وەرگێڕانەکانی پەیمانی نوێی یۆنانی**
وەرگێڕانەکانی پەیمانی نوێی یۆنانی لە نێوان سەدەی دووەم و چوارەمی زایینی بۆ ئەم زمانانەی خوارەوە وەرگێردراون: لاتینی، سریانی، سێ زمانی میسری (قیبتی، سەعیدی و بۆهایری)، گۆتی، ئەرمەنی، ئەسیۆپی، جۆرجی و عەرەبی. ئەمڕۆ نزیکەی ١٠٠٠ دەستنووسی پەیمانی نوێمان هەیە لە کۆنترین وەرگێڕانەکاندا!

**- وەرگێڕانە لاتینییەکان کە دواتر بۆ پەیمانی نوێی یۆنانی کران.**
لە ساڵی ٣٨٤ی زایینی باوکی کڵێسا جێرۆم دەقێکی لاتینی ستاندارد وەرگێڕا کە لەسەر کۆنترین دەقی یۆنانی بنیات نرابوو و ناونرا **ڤۆلگەیت** یان وەشانی گشتی. ئەم دەقە لەلایەن ئەلکوین لە سەدەی هەشتەمدا پێداچوونەوەی بۆ کرا و دووبارە لەلایەن زانکۆی پاریس لە سەدەی سێزدەهەمدا. لە ساڵی ١٥٤٦ ئەنجومەنی ترێنت ڕایگەیاند کە ئەمە دەقی ستانداردی کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمایە. لە سەرەتای سەدەی سێزدەهەم، ستیڤن لانگتۆن (سەرەسقوفی کانتربری) کتێبی پیرۆزی بەش بەش کرد. ئەمڕۆ نزیکەی ٨٠٠٠ دەستنووسی ڤۆلگەیتمان هەیە.

## ٣. نووسراوەکانی باوکانی کڵێسا

**باوکانی کڵێسا** ڕابەر و مامۆستایانی مەسیحییەت بوون لە ماوەی شەش سەدەی یەکەمدا. ئەوان زمانی پەیمانی نوێی یۆنانیان بە ئازادی بەکارهێنا لە وتارەکانیان و نووسراوەکانیاندا. بە یەکەوە باوکانی کڵێسا هەموو ئایەتەکانیان گێڕاوەتەوە بێجگە لە ١١ ئایەت لە هەموو پەیمانی نوێدا! ئەمە سەرسوڕهێنەرە!

## ٤. متمانەپێکراوی پەیمانی نوێی یۆنانی

**- ژمارەی کۆپییەکانی دەستنووسەکان**

کۆنترین کتێبە مێژووییەکان لە ڕۆژئاوا کە هەمانە لە هیرۆدۆتس و سوسیدیدس‌ەوەن و دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی ٥ی پێش زایین. لە کاتێکدا تەنها ٨ دەستنووسمان هەیە لە هەر یەکێکیان. لە کاتێکدا ٥٠٠٠ دەستنووسی پەیمانی نوێی یۆنانیمان هەیە، ١٠٠٠ دەستنووسی وەرگێڕانە سەرەتاییەکانی پەیمانی نوێمان هەیە، ٨٠٠٠ دەستنووسی پەیمانی نوێی لاتینی و نزیکەی هەموو پەیمانی نوێ بە یۆنانی لە نەقڵکردنەکانی باوکانی کڵێساوە بەرداستە. بەمەش دەقی پەیمانی نوێ باشتر پارێزراوە لە هەر بەڵگەنامەیەکی تری (مێژوویی، ئەدەبی یان ئایینی) جیهانی کۆن!

**- ماوەی نێوان بەڵگەنامە ڕەسەنەکان و کۆنترین کۆپییەکانیان**

کۆنترین کتێبە مێژووییەکان لە ڕۆژئاوا ، هیرۆدۆتس و سوسیدیدس، دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی ٥ی پێش زایین، بەڵام کۆنترین کۆپییەکان کە هەمانە بۆ ساڵی ٩٠٠ی زایینی دەگەڕێنەوە. لە کاتێکدا ماوەی نێوان نووسینی ئەم کتێبانە و بەرواری کۆنترین کۆپییەکانیان ١٣٠٠ ساڵە، ماوەی نێوان پەیمانی نوێی ڕەسەن و کۆنترین کۆپییەکانیان تەنها ٢٥٠ ساڵە! ئەمە ٥٢ جار کورتترە! لە کاتێکدا زانایانی کلاسیکی مێژوو گومانیان لە ڕەسەنایەتی دەقی هیرۆدۆتس و سوسیدیدس نییە، متمانەپێکراوی دەقی پەیمانی نوێ چەندین جار گەورەترە!

**- وردی ڕوونووسکردنەوەی (کۆپیکردنی) دەقەکە**

گەورەترین داستان لە ڕۆژئاوا 'ئیلیاد'ە و ٦٤٣ کۆپیمان لێی هەیە. دوای پەیمانی نوێ، کۆپی ماوەی ئیلیاد زیاترە لە هەر کتێبێکی تری سەردەمی کۆن. هەردوو کتێب بە پیرۆز دادەنرێن و هەردوکیان لە ڕێگەی کۆپیکردنەوە هەندێک گۆڕانکاری لە دەقەکانیاندا ڕوویداوە. بەڵام، لە کاتێکدا ٧٦٤ لە ١٥٦٠٠ دێڕی ئیلیاد پرسیاریان لەسەرە، تەنها ٤٠ لە ٢٠٠٠٠ دێڕی پەیمانی نوێ پرسیاریان لەسەرە. ئەوە ٢٥ جار کەمترە!
هەرچەندە، هیچ یەکێک لەو ٤٠ دێڕە یان ٤٠٠ وشە جیاوازە کە پرسیار لەسەریانە لە دەقی یۆنانی پەیمانی نوێدا کاریگەرییان لەسەر بیروباوەڕ یان ژیانی مەسیحییەکان نییە، چونکە ئەو بیروباوەڕ و ژیانەی کە فێری دەکات لە بەشەکانی تری پەیمانی نوێدا فێر دەکرێت کە لە سەرووی هەر گومانێکەوەن!
کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە ڕوانگەی بەڵگەی ئەدەبییەوە، متمانەپێکراوی دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ بەهێزترە لە هەر بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، ئەدەبی، یان ئایینی کۆن لە جیهاندا! زانایان هاوڕان کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەقی ڕاستەقینەی پەیمانی نوێی یۆنانیمان لەبەردەستدایە.

## ط. کانۆن یان لیستی کتێبە ئیلهامدراو و بڕواپێکراوەکانی پەیمانی نوێ

### ١. ئەو کتێبانەی کە بە ڕاستی سەر بە پەیمانی نوێن

**بۆچی پەیمانی نوێ ئەم ٢٧ کتێبەی هەیە؟**

پەیمانی نوێ ئەم ٢٧ کتێبەی هەیە، چونکە ئەوان بانگەشەی سروشتی خودایی و دەسەڵاتی خودایی دەکەن.

ئەو کتێبانەی کە وا دادەنرێن بە ڕاستی سەر بە پەیمانی نوێن، پێیان دەوترێت '*کتێبە کانۆنییەکان*'. وشەی 'کانۆن' واتە قامیشێکی ڕاست یان خەتکێش کە وەک دارێکی پێوانە بەکاردێت. بۆ ئەدەبیات بەکارهێنراوە، وشەی 'کانۆن' واتە *لیستی ئەو کتێبانەی کە لەگەڵ پێوەری سروشتی خودایی و دەسەڵاتی خوداییدا دەگونجێن.
کتێبەکانی پەیمانی نوێ زۆر بە ڕوونی دەڵێن کە ئەوان لەلایەن خوداوە بە سروش دراون. عیسا دەفەرموێت: "ڕۆحی پیرۆز فێری هەموو شتێکتان دەکات و هەموو ئەوەی پێم وتوون وە بیرتان دەهێنێتەوە"١٩٥. هەروەها، "ڕۆحی ڕاستی شایەتی بۆ من دەدات"١٩٦.
نێردراو پۆڵس دەڵێت، "هەموو نووسراوێکی پیرۆز هەناسەی خودایە"١٩٧. نێردراو پەترۆسیش دەڵێت، "لە سەرووی هەموو شتێکەوە، دەبێت تێبگەن کە هیچ پێشبینییەکی نووسراوی پیرۆز بەپێی لێکدانەوەی خودی پێغەمبەرەکە نەهاتۆتە دی.

چونکە پێشبینی هەرگیز سەرچاوەکەی خواستی مرۆڤ نییە، بەڵکو مرۆڤەکان لەلایەن خوداوە قسەیان کردووە کاتێک لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە بردراون"١٩٨.

بەم شێوەیە، هەرچییەک بە سروشتی خودا درابێت نووسراوی پیرۆز بوو (کتێبی پیرۆز)، و هەرچییەک بە سروشتی خودا نەهاتبێت نووسراوی پیرۆز نەبوو. 'نووسراوی پیرۆز' تۆماری نووسراوی وشە سروشدراو و دەسەڵاتدارەکانی خودایە.

نێردراوەکان، کڵێسای مەسیحی سەرەتایی و هەموو کڵێسا مەسیحییەکان لە درێژایی سەردەمەکاندا ئەم ٢٧ کتێبەی پەیمانی نوێیان وەک نووسراوی پیرۆزی 'کانۆنی' دادەنا، واتە، وەک سروشدراوی خودایی و دەسەڵاتدار بۆ ئەوەی خەڵک دەبێت باوەڕیان پێی هەبێت و چۆن دەبێت بژین.

ئەو کتێبانەی کە وا دانانرێن کە سەر بە پەیمانی نوێ بن، پێیان دەوترێت '*کتێبە ئەپۆکریفییەکان*'. وشەی 'ئەپۆکریفی' واتە 'شاراوە' و مەبەست لێی ئەوەیە کە سەرچاوە، پەیام و سروشیان داهێنراوە یان دڵنیایی ڕەسەنایەتییان گومانلێکراوە.

## ٢. سروش بە سێ ڕاستی نیشان دەدرێت

### - سروش بە ناوەڕۆکی کتێب دەستنیشان دەکرێت.

هەموو کتێبەکانی پەیمانی نوێ کەسایەتی و کاری عیسای مەسیح وەک بابەتی سەرەکییان هەیە

چوار ئینجیلەکە ژیانی، کارەکانی و وشەکانی تۆمار دەکەن.

کتێبی کردار کاریگەرییەکانی عیسای مەسیح لە مێژووی جیهاندا تۆمار دەکات.

نامەکان فێرکردنە ئایینی و پراکتیکییەکان تۆمار دەکەن کە لەسەر بنەمای پشتبەستنی تەواو بە عیسای مەسیح وەک ڕزگارکەر و پەروەردگارن.

کتێبی ئاشکراکردن پەیوەندی عیسای مەسیح بە ئێستا و داهاتووی ئەم جیهانەوە تۆمار دەکات.

هەرچۆنێک بێت، 'ئینجیلە ئەپۆکریفییەکان' و 'کردارە ئەپۆکریفییەکان' زیاتر گرنگی بە پەیداکردنی موعجیزە و ئەفسانەکان دەدەن لەبری عەقیدە و ژیانی ڕاستەقینەی مەسیحییەکان. و 'نامە ئەپۆکریفییەکان' پارچەی وەرگیراون لە نامە کانۆنییەکان. لە وردی گێڕانەوە، لە قووڵی فێرکردن، و لە چڕبوونەوە لەسەر کەسایەتی عیسای مەسیح، جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان کتێبە کانۆنی و ئەپۆکریفییەکان.

### - سروش بە کاریگەری کتێبێک نیشان دەدرێت

هەموو ئەدەبیاتێک لەوانەیە گوزارشت لە بیری مرۆڤ بکات. هەندێک ئەدەبیات لەوانەیە کاریگەری قووڵ بکاتە سەر بیری مرۆڤ، بەڵام کتێبەکانی پەیمانی نوێ بیری مرۆڤ، بەهاکان، ڕەفتار و ئاراستەی ژیان دەگۆڕن (گۆڕانکاری تێدا دەکەن)! کاریگەری ئەخلاقی و ڕۆحی کتێبەکانی پەیمانی نوێ ئەوەندە گەورەن، کە لە هەر شوێنێک پەیامەکەی ڕابگەیەنرێت و وەربگیرێت، کڵێسا فراوان دەبێت و لەگەڵ خۆیدا پاککردنەوەی ئەخلاقی و ڕۆحی کۆمەڵگە بە دوای خۆیدا دەهێنێت! کەندەڵانێکی پڕنەکراوە لە نێوان پێوەرە ئەخلاقی و ڕۆحییەکانی بتپەرستی و کتێبەکانی پەیمانی نوێدا هەیە!

### - سروش بە ڕێککەوتنی شایەتیدانی ناوەکی کتێبێک لەگەڵ شایەتیدانی دەرەکی ئەوانەیبەکاری دەهێنن نیشان دەدرێت.

تاقیکردنەوەی پەیامی خودایی و هێزی ئەخلاقی ئەو پەیامە ناکرێت بە سەرکەوتوویی لەلایەن تاکێکی تەنهاوە لە بوارێکی سنووردارداو لە ماوەیەکی کورتی کاتدا جێبەجێ بکرێت (بۆ نموونە: لەلایەن یەک پێغەمبەرەوە، لە یەک وڵات و لە ماوەی یەک سەدەدا). شایەتیدانەکان سەبارەت بە سروشی کتێبەکانی کتێبی پیرۆز دەبێت لەلایەن چەندین کەسی جیاوازەوە بدرێن، کە لە وڵاتان و کەلتوورە جیاوازەکان دەژین، و بەسەر ماوەیەکی زۆری کاتدا. کاتێک شایەتیدانی ناوەکی خودی کتێبەکان و شایەتیدانی دەرەکی چەندین کەسی جیاواز کە بەکاریان دەهێنن لە ماوەیەکی زۆری کاتدا ڕێک دەکەون کە ئەوان کاری خودان، ئەوکات پێوەرەکانی کانۆنیەت دڵنیاتر دەکرێن. ئەمە لە دوو خاڵی داهاتوودا ڕوون دەکرێتەوە.

## ٣. شایەتیدانی ناوەکی پەیمانی نوێ

پەیمانی نوێ بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەلایەن خوداوە سروشی پێدراوە و دەسەڵاتدارە. لە سەرەتاوە، پەیامی سەبارەت بە مەسیح لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر وەک "وشەی خودا" گوازرایەوە. گەلاتیا ١ :١١-١٢ دەڵێت: "مزگێنی شتێک نییە کە مرۆڤ داهێنابێتی"، بەڵکو "لە ڕێگەی ئاشکراکردنەوە لە عیسای مەسیحەوە وەرگیراوە". ١ کۆرنسۆس ١٥ :١-٣ دەڵێت کە نێردراو پۆڵس ئەو مزگێنییەی کە وەریگرتبوو مزگێنی پێدا و گەیاندییە کەسانی تر. ١ سێسالۆنیکی ٢ :١٣:

دەڵێت کە پەیامەکە لەلایەن بیسەرانەوە "وەک وشەی خودا" وەرگیرا و بەپێی ١ سێسالۆنیکی ١ :٥-١٠ و ٢ تیمۆساوس ٣ :١٦-١٧، کاریگەرییەکی بەردەوامی لەسەر ئەوانەی باوەڕیان پێهێنا دروست کرد.
نێردراوەکان نووسینەکانیان وەک وشەی سروشدراو و دەسەڵاتداری خودا دادەنا و خەڵکیان لە نافەرمانی ئاگادار دەکردەوە. بۆ نموونە، لە ١ سالۆنیکی ٤ :٢,٨ نێردراوەکە دەڵێت، "ئێوە دەزانن چ ڕێنماییەکمان پێدان بە دەسەڵاتی عیسای پەروەردگار. ئەوەی ئەم ڕێنماییە ڕەت دەکاتەوە مرۆڤ ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو خودا ڕەت دەکاتەوە، کە ڕۆحی ٢ سالۆنیکی ٣ :١٤ دەڵێت، "ئەگەر کەسێک گوێڕایەڵی ڕێنماییەکانمان نەبێت لەم پیرۆزی خۆیتان پێ دەبەخشێت." لە نامەیدا، تێبینی تایبەتی لەسەر بکەن و خۆتانی لێ دوور بگرن."

١٩٥ یۆحەنا ١٤ :٢٦
١٩٦ یۆحەنا ١٥ :٢٦
١٩٧ ٢ تیمۆساوس ٣ :١٦
١٩٨ ٢ پەترۆس ١ :٢٠-٢١

لە ١ کۆرنسۆس ١٤ :٣٧-٣٨ دەڵێت، "ئەگەر کەسێک وا بیر دەکاتەوە کە پێغەمبەرە یان بەهرەی ڕۆحی هەیە، با دان بەوەدا بنێت کە ئەوەی بۆتانم دەنووسم فەرمانی پەروەردگارە. ئەگەر ئەمە پشتگوێ بخات، ئەوا خۆیشی پشتگوێ دەخرێت (لەلایەن خوداوە)."
نامەی یەکەم و دووەمی پەترۆس" و کۆکراوەی "هەموو نامەکانی پۆڵس" زۆر زوو بوونە *کانۆنی*، چونکە ٢ پەترۆس ٣:" ١-٢، ١٥،-١٦ ئاماژەی پێدا وەک دەقێکی ئەدەبی کە دەبێت وەربگیرێت وەک "نووسراوە پیرۆزەکانی تر"، واتە، "ئەو وشانەی لە ڕابردوودا لەلایەن پێغەمبەرە پیرۆزەکانەوە وتراون" (پەیمانی کۆن) و "ئەو فەرمانەی لەلایەن پەروەردگار و ڕزگارکەرمانەوە لە ڕێگەی نێردراوەکانتانەوە دراوە" (ئینجیلەکان). ئەو ڕاستییەی کە تەنانەت نێردراو پەترۆس خەباتی لەگەڵ ناوەرۆکەکانیاندا کرد و خەڵکی نەزان و ناسەقامگیر شێواندیان، دەیسەلمێنێت کە ئەوان دەسەڵاتدار بوون. ئەگەر دەسەڵاتدار نەبوونایە، کەس گرنگی پێنەدەدان!

## ٤. سێ شایەتی دەرەکی: باوکانی کڵێسای سەرەتایی، کانۆنە فەرمییەکان و ئەنجومەنەکانی کڵێسا.

### - شایەتی دەرەکی باوکانی کڵێسا.

باوکانی کڵێسای سەرەتایی لە نێوان ساڵی ٩٥ و ١٥٠ی زایینی، هەموویان ئاماژەیان بە کتێبەکانی پەیمانی نوێ کردووە. ئەوان قوتابی ڕاستەوخۆی نێردراوەکان یان قوتابییەکانیان بوون. جاستن مارتر لە ساڵی ١٠٠-١٦٥ی زایینی ژیاوە و ئاماژەی بە چوار ئینجیل، کردارەکان، ٨ نامەی پۆڵس، ١ پەترۆس و ئاشکراکردن کردووە بە ناو. ئەو دەیگوت کە ئینجیلەکان لە هەموو یەکشەممەیەک لە خزمەتی کڵێسادا لەگەڵ پەیمانی کۆن دەخوێندرانەوە. ئیرینیۆس لە نزیکەی ساڵی ١٧٠ی زایینی ژیاوە و قوتابی پۆلیکارپ بووە، کە ئەویش قوتابی نێردراو یۆحەنا بووە. ئەو ئاماژەی بە هەموو کتێبەکانی پەیمانی نوێ کردووە جگە لە فیلیمۆن و ٣ یۆحەنا.

### - شایەتی دەرەکی کانۆنە فەرمییەکان.

کانۆنی مۆراتۆری لیستێکی نافەرمی کتێبەکانی پەیمانی نوێیە و بۆ ساڵی ١٧٠ی زایینی دەگەڕێتەوە. هەموو کتێبەکانی پەیمانی نوێی تێدایە جگە لە نامە گشتییەکانی عیبرانی، یاقوب، ١ و ٢ پەترۆس.
نامەی جەژنی ئەتاناسیۆس لە ساڵی ٣٦٧ی زایینی جیاوازی ڕوون دەکاتەوە لە نێوان "نووسراوە خودا-ئیلهامکراوەکان... کە بە باوکانمان گەیشتووە لەلایەن ئەوانەی کە خۆیان شایەتحاڵ و خزمەتکاری وشە بوون لە سەرەتاوە" (کتێبە کانۆنییەکان) و لەلایەکی ترەوە "نووسراوە نهێنییەکانی بیدعەکاران" (کتێبە ئەپۆکریفاکان). ئەو ڕایگەیاند کە تەنها ئەو ٢٧ کتێبەی پەیمانی نوێی ئێمە "نووسراوی خودا-ئیلهامکراوە" و دەڵێت کە "ئەمانە سەرچاوەی ڕزگارین. با کەس شتێکیان لێ زیاد نەکات یان لێیان کەم نەکاتەوە."

### • شایەتی دەرەکی ئەنجومەنەکانی کڵێسا.

ئەم 'ئەنجومەنانەی کڵێسا' کۆبوونەوەی نوێنەرانی هەموو کڵێساکانی مەسیحی بوون.

- له ئەنجومەنی لاودیکیا* له سالّی ٣٦٣ی زایینی، بابەتی کتێبە کانۆنییەکان بۆ یەکەم جار گفتوگۆی لەسەر کرا. ئەم ئەنجومەنە بڕیاری دا کە تەنها کتێبە کانۆنییەکانی پەیمانی نوێ دەبێت لە خزمەتەکانی کڵێسادا بخوێندرێنەوە.
- ئەنجومەنی کارتاج* لە ساڵی ٣٩٧ی زایینی هەمان بڕیاری دا و لیستێکی ڕوونی ئەو ٢٧ کتێبەی خستە ڕوو کە لە پەیمانی نوێی ئێمەدا هەیە وەک کتێبی کانۆنی.
- ئەنجومەنی هیپۆ لە ساڵی ٤١٩ی زایینی هەمان بڕیار و هەمان لیستی کانۆنی دووبارە کردەوە.

## ٥. ئەو کتێبانەی کە سەر بە پەیمانی نوێ نین ('ئەپۆکریفاکان').

هەموو کتێبەکانی پەیمانی نوێ پێش کۆتایی سەدەی یەکەمی زایینی نووسراون. بەڵام پێغەمبەرە درۆزنەکان و مامۆستا درۆزنەکان لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی زایینییەوە ئینجیلی ئەپۆکریفا، کردارەکانی ئەپۆکریفا، نامەی ئەپۆکریفا و ئاشکراکردنەکانی ئەپۆکریفایان نووسیوە و ئیدیعایان کردووە کە ئەمانە نوسخەی ڕەسەنن. ١٩٩ 'ئەپۆکریفا' واتە "سەرچاوە، ڕەسەنایەتی و جێی متمانەبوونی کتێبەکە گومانلێکراوە."

### • ئینجیلە ئەپۆکریفاکان.

- پرۆتیڤانگێلیومی یاقوب (سەدەی دووەمی زایینی). پرۆتیڤانگێلیومی یاقوب کتێبێکی ناسراو بە 'ئینجیلی منداڵی'یە کە دەربارەی لەدایکبوونی مەریەمی پاکیزە و منداڵی عیسای مەسیح دەنووسێت. ئەمانەی لەخۆگرتووە: لەدایکبوون و منداڵی مەریەم. مەریەم لە ڕێگەی تیروپشک بووە هاوسەری یوسف. مەریەمی دووگیان تاقیکردنەوەی بێتاوانی تێپەڕاند. مەریەم و یوسف لە ئەشکەوتێکدا نوستن لە ڕێگایان بۆ بێت لەحم. دەستی مامانی سالۆمی چاک بووەوە کاتێک منداڵی عیسای هەڵگرت. چیایەک دوو لەت بوو و ئەلیزابێت و یەحیای لەئەمبازگرت لە کاتی کوشتارەکەی بێت لەحم. زەکەریا کوژرا، جەستەی هەرگیز نەدۆزرایەوە، بەڵام خوێنەکەی کە دۆزرایەوە ببوو بە بەرد.

- ئینجیلی تۆماس (سەدەی دووەمی زایینی) ئەم ئینجیلەش بە ناوی 'ئینجیلی منداڵی' ناسراوە، کە دەربارەی منداڵی عیسای مەسیح دەنووسێت. ئەمانەی لەخۆگرتووە: عیسا وەک منداڵێکی پێنج ساڵان ١٢ چۆلەکەی قوڕین کرد بە چۆلەکەی زیندوو بە چەپڵەلێدان لە ڕۆژی شەبات. عیسا لە تووڕەییدا کوڕێکی وشک کردەوە کە یارییەکەی بە ئاو تێکدابوو. عیسا هاندرا کە وابکات کوڕێک بمرێت کە بەری پێکەوتبوو (یان بەردێکی لێدابوو). لە بێزارییدا عیسا تۆمەتبارەکانی بە کوێری لێدان. یوسف گوێی عیسای قرتاند. یوسف عیسای بردە لای مامۆستایەک بە ناوی زەکەئیۆس تاکو پیتەکانی ئەلفوبێی پێ فێر بکات، بەڵام عیسا گاڵتەی پێکردن و وتی ئەو پێش دروستکردنی دونیا هەبووە. کەواتە عیسا بوو بە مامۆستای ئەو. عیسا نەفرەتی لە جوولەکەکان کرد و ئەوان شەلوشەوت بوون و پاشان هەموویانی چاککردەوە. دوای ئەوەی کوڕێک بە ناوی زینۆ لە سەربانەوە پاڵ پێوەنرا و مرد، عیسا بازی دایە خوارەوە و لە مردن هەستاندییەوە. عیسا پێیەکی خوێناوی چاککردەوە کە بە تەوری بڕابوو. عیسا وەک کوڕێکی شەش ساڵان بە ڕێکەوت کۆزەی ئاوی شکاند، بەڵام دواتر جلەکانی لە ئاو پڕکرد تاکو بۆ دایکی ببات. عیسا وەک کوڕێکی هەشت ساڵان یەک دەنکە گەنمی چاند، بەڵام سەد پێوانەی درووێنەکرد، کە دای بە هەژارەکانی گوند. عیسا سەرێکی دارێکی تەختەی گرت و درێژی کردەوە تاکو باوکی بتوانێت قەرەوێڵەکەی کە دروستی دەکرد تەواو بکات. لە تووڕەییدا عیسا نەفرەتی لە مامۆستایەک کرد و پاشان کوشتی دوای ئەوەی کە هەوڵی دابوو پیتەکانی ئەلفوبێی یۆنانی و عیبرانی فێری بکات و لە سەری دابوو.

پەیمانی نوێی ئەپۆکریفا١٩٩، مۆنتاگیو ڕۆدس جەیمس، ئۆکسفۆرد، لە چاپەمەنی کلارێندۆن ١٩٦٠.

عیسا یاسای (شەریعەتی موسا) بە ڕۆحی پیرۆز فێر دەکرد بە جۆرێک کە هەموو گوێگرەکان سەرسام بوون. پاشان عیسا ئەو مامۆستایەی چاککردەوە کە کوشتبووی. براکەی یاقوب پێوەی درا لەلایەن مارێکەوە کاتێک دار کۆدەکردەوە، بەڵام عیسا هەناسەی دا بەسەر برینەکەیدا، ئازارەکە نەما، مارەکە تەقی و یاقوب وەک جاران بەردەوام بوو لە ژیان. عیسا منداڵێکی بچووکی لە گەڕەکدا لە مردن هەستاندەوە. عیسا بیناکارێکی لە مردن هەستاندەوە. عیسا وەک منداڵێکی دوازدە ساڵان پیران و مامۆستایانی جوولەکەی بێدەنگ کرد و یاسا و پێغەمبەرانی ڕوونکردەوە.

ئەم ئینجیلە ئەپۆکریفایانە لەلایەن کەسانی نەزانەوە نووسراون، چونکە ئینجیل بە ڕوونی فێرمان دەکات کە *یەکەم موعجیزەی عیسا گۆڕینی ئاو بوو بۆ شەراب دوای ئەوەی کە تەمەنی بوو بە سی ساڵ[٢٠٠]!

**- کردارەکانی ئەپۆکریفا.**

کردارەکانی یۆحەنا، کردارەکانی پۆڵس، کردارەکانی پەترۆس، کردارەکانی ئەندراوس و کردارەکانی تۆماس لە سەدەی دووەم و سێیەمی زایینی نووسراون.

**- نامە ئەپۆکریفاییەکان.**

نامەکانی نێردراوان نزیکەی ساڵی ١٦٠ی زایینی نووسراون.

**- ئاشکراکردنەکانی ئەپۆکریفا.**

ئاشکراکردنی پەترۆس لە سەدەی دووەمی زایینی نووسرا و ئاشکراکردنی پۆڵس لە سەدەی چوارەمی زایینی نووسرا.

هەموو ئەم کتێبە ئەپۆکریفاییانەی پەیمانی نوێ ڕەسەنایەتییان گومانلێکراوە. *وەک کتێبە ئەپۆکریفاییەکانی پەیمانی کۆن، ئەم کتێبە ئەپۆکریفاییانەی پەیمانی نوێ هەرگیز وەک بەشێک لە کانۆنی مەسیحی قبوڵ نەکراون*. هەرگیز وەک ئیلهامکراو و خاوەن دەسەڵات بۆ بیروباوەڕ و ژیان سەیر نەکراون.

**- ساختەکارییەکان.**

- ئینجیلی یەهوزا[٢٠١]، ساختەکارییەکی کۆتایی سەدەی دووەمی زایینی نووسراو لەلایەن گنۆستیکەکانەوە. گنۆستیسیزم ئەو باوەڕەیە کە جیهانی دروستکراو خراپە، و بە تەواوی جیایە لە و دژی جیهانی ڕۆحە. فێرکردنی هاوشێوە لە هیندۆسیزم و فێرکردنەکانی زەردەشتدا دەدۆزرێنەوە. گنۆستیسیزم بیدعەیەکە کە لەلایەن باوکانی کڵێساوە لە سەدەکانی سەرەتای مەسیحیدا ڕەتکراوەتەوە.
- ئینجیلی بەرنابا[٢٠٢] ، ساختەکارییەکی سەدەی پازدەهەمی زایینی نووسراو بە ئیتاڵی لەلایەن کەسێکەوە کە لە مەسیحییەتەوە هەڵگەڕاوەتەوە بۆ ئیسلام[٢٠٣].

## ٦. تاقیکردنەوەی ڕاستەقینە بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئایا کتێبێک سەر بە پەیمانی نوێ بێت یان نا.

### چۆن مەسیحییەکان دەزانن کام کتێبانە کانۆنی و سەر بە پەیمانی نوێن؟

ئەگەر خودایەکی باڵادەست دەستپێشخەری کردبێت لە وەحی کردن و لە ناردنی تۆمارێکی ئیلهامبەخش بە دەستی پێغەمبەران، ئەوا "کانۆنیەت" تەنها دەبێتە بابەتی ناسین و پەسندکردنی چۆنیەتی ناوەڕۆکی ئەم کتێبانە لە لایەن ئێمەوە. کاتێک منداڵێک دایک و باوکی خۆی لەناو کۆمەڵێک گەورەساڵی تردا دەناسێتەوە، بەو کارە هیچ خەسڵەتێکی نوێ نادات دایک و باوکی، بەڵکو ئەو بە سادەیی پەیوەندییەک دەناسێتەوە کە پێشتر هەبووە.

ئەنجومەنەکانی کڵێسا لیستی کتێبە کانۆنییەکانیان دروستکرد. بەڵام ئەنجومەنەکان هیچ کتێبێکیان نەکرد بە پیرۆز. ئەوان تەنها ناسییان و گوتیان "ئەم کتێبانە لە سەرەتاوە لە خوداوە بوون و دەسەڵاتیان هەیە". ئەنجوومەنەکان کتێبەکانی دیکەیان (وەک ئەپۆکریفا) ڕەت کردەوە کە بە هەڵە داوای کانۆنیەتیان بۆ کرابوو.

نووسەرانی کتێبەکانی کتێبی پیرۆز بە ڕوونی دەڵێن کە کتێبەکانی پەیمانی نوێ "کانۆنی" (بە دڵنیاییەوە لەلایەن خوداوە بەخشراون و دەسەڵاتی خودایان هەیە) لەو ساتەوەختەوەی نووسران، لەسەر بنەمای ئەم وشانەی خوارەوە: "تێبگەن کە هیچ پێشبینییەکی نووسراو بە لێکدانەوەی خودی پێغەمبەران نەهاتووە. چونکە پێشبینی هەرگیز سەرچاوەی خۆی لە خواستی مرۆڤەوە نەگرتووە، بەڵکو خەڵک قسەیان کردووە لەلایەن خوداوە هەروەک بە ڕۆحی پیرۆز هەڵگیراون"[٢٠٤]. پێغەمبەرانی دوڕاو لەبەر دیاردەی فریشتەیەک قسە دەکەن، بەڵام هەرگیز نەک لەبەر دڵنیایی ڕۆحی پیرۆزی کتێبی پیرۆز! "هەموو نووسراوەکان لەلایەن خوداوە هەڵکێشراون و بۆ فێرکردن، سەرکۆنەکردن، چاککردن و ڕاهێنان لە ڕاستودروستی بەسوودن"[٢٠٥].

٢٠٠ یۆحەنا ٢: ١١
٢٠١ بخوێنەوە وتارێک لە ئینتەرنێتدا: "ئینجیلی یەهوزا"، ویکیپیدیا.
٢٠٢ بخوێنەوە وتارێک لە ئینتەرنێتدا: "ئینجیلی بەرنابا"، لەلایەن سامویل گرین.
٢٠٣ زانستنامەی پوختەی ئیسلام، هارپەر و ڕۆو. ١٩٨٩، لاپەڕە ٦٤. زانای موسڵمان سیریل گلاسێ دەڵێت: سەبارەت بە خودی ئینجیلی بەرنابا، گومانی تێدا نییە کە ساختەیەکی سەردەمی ناوەڕاستە. دەستنووسێکی تەواوی ئیتاڵی هەیە کە دیارە وەرگێڕانێکە لە دەقێکی ئیسپانی (کە بەشێکی ماوەتەوە)، نووسراوە بۆ ڕازی کردنی موسڵمانانی ئەو کاتە. ئەم دەقە ناتەبایی مێژوویی تێدایە کە تەنها دەکرێت سەر بە سەردەمی ناوەڕاست بن نەک پێشتر، و تێگەیشتنێکی شێواوی بیروباوەڕەکانی ئیسلامی پیشان دەدات، بە ناونانی پێغەمبەر بە "مەسیح"، کە ئیسلام ئەمە بۆ ناکات. جگە لە بۆچوونی گاڵتەجاڕانەی مێژووی پیرۆز، لە ڕووی شێوازەوە گاڵتەیەکی ناوازە بە ئینجیلەکانە، هەروەک نووسینەکانی بەهائوڵڵا بۆ قورئان.

٢٠٤ ٢ پەترۆس ١: ٢٠-٢١
٢٠٥ ٢ تیمۆساوس ٣: ١٦

بۆیە کتێبە کانۆنییەکان پشت بە دەسەڵاتی مرۆیی نابەستن، بەڵکو پشت بە دەسەڵاتی خودایی دەبەستن. کتێبە کانۆنییەکان بەڕاشکاوی ناسێندراون و پەسند کراون وەک ئەوانەی کە لەلایەن خوداوە دڵنیا کراونەتەوە و بۆ فەرمان و ژیان شایانی متمانەن لەو کاتەوەی خەڵک پەیوەندییان پێوە کردووە! ملیۆنان ئەندامی ئایینە جیاوازەکان بەرەو عیسای مەسیح گەڕاون دوای ئەوەی ئینجیلیان خوێندووەتەوە!